دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥١، چوارشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٥ی ژوئەنی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**بەڕێز/ جەنابی کاک نێچیروان بارزانی**

**سڵاوێکی گەرم**

لەم کاتەدا کە خەباتی کورد لە هەموو بەشەکاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێ، هەڵبژاردنی بەڕێزتان لە لایەن پارلمانەوە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێ سپاردنی ئەرکێکی قورسە، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئەزموونە بەرچاوەی کە لە ماوەی ساڵانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم وەسەریەکتان ناوە و، هەستکردن بەو بەرپرسیاریەتییە گرنگ ومێژووییەی دەکەوێتە سەرشانتان لە ڕاستای جووڵانەوەی کورد بەگشتی، هەموو توانای خۆتان بەکار دێنن.

ئێمە بەم هەڵبژاردنە بەجێیەی پارلمانی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵین و بەم بۆنەوە لە لایەن خۆم و تێکڕای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتمان سەرکەوتنتانە. لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٨ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٩ی مەی ٢٠١٩ی زایینی**



بزووتنەوەی کورد لە باشووری زاگرۆس
٤



تێکشکانی پرێستیژی سەرکۆماری و...
٦



خوێندکاری کورد بێدەنگ نابێت
٨



٢ دووبارەبوونەوەی مێژوویی
١٠

# دیکتاتۆر دەلەرزێ!



عەلی خامنەیی لە سییەمین ساڵمەرگی دیکتاتۆری سەدە، لە ١٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ و لەسەر گۆڕی ناوبراو سەبارەت بە دواڕەوشی ئێران و ئاخرین لێدوان و هەڵوێستەکانی دەوڵەتی ئامریکا و خودی دانڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دوا و وێڕای هۆشداری دان بە بەرپرسانی ڕێژیمەکەی هەڕەشەی کرد کە نابێ ئامریکاییەکان نیزیکمان ببنەوە.

ناوبراو وتی: دوژمن هەندێ جار هەڕەشە دەکات و هەندێ جاریش بە تەماحوەبەرنان دەیهەوێ فریومان بدات؛ ئەمە هەوڵێکە بۆ کڵاوڵەسەرنانمان بۆیە دەبێ وریا بین.

خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، کە لەڕاستیدا نێوەڕۆکی سەرەکی قسەکانی و پەیامی ئەسڵی ئەم لێدوانانە بوو، ڕوو لە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە وتی: "ئەوەیکە ئێستە پێویستە لەسەرمان و دەبێ بکرێت تەنیا "مقاومت"ە! هەرچەند تێچووەکەی زۆرە بەڵام دەبێ پشتی پێ ببەستین".

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ زیاتربوونەوەی شەڕە زەڕەنگەرییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا، پرسی وتووێژی دوو وڵاتیش هاتۆتە ئاراوە؛ لەم نێوانەدا ترامپ لە سەفەرێکدا بۆ ژاپۆن باسی لەوە کرد کە سیاسەتی واشینگتۆن بەرامبەر بە ئێران "گۆڕینی ڕێژیم" نییە؛ هەر لەم چوارچێوەیەشدا بوو کە خامنەیی باسی لە "مقاومت" کرد چوونکە پێی وایە کە بەم شێوازە، کۆماری ئیسلامی دەگاتە خاڵی "بەچۆکداهێنانی دوژمن"، هەر بۆیە ڕایگەیاند کە ئەوان (ئامریکا) دەیانهەوێ لە بواری سەربازیدا بمانوەستێن بەڵام ناتوانن، ئەگەر ئێمە "مقاومت" بکەین.

پێشتریش خامنەیی لە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردان سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی و مووشەکی ڕێژیم گووتبووی: "ئەمە پرسێکی ناموسییە و ئێمە سەبارەت بە پرسە ناموسییەکان هیچ وتووێژێک ناکەین".

ئەو "مقاومت"ەی کە خامنەیی باسی لێوە دەکات و تێچووەکانی ڕەنگە بۆ ئەو و تاقمە سەرشۆڕەکەی پرسێکی ئەوتۆ نەبێ و کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دانەنێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بووەتە هۆی دارمانی ئابووریی، ئەخلاقی، سیاسی و فەرهەنگی وڵاتێک بەناوی ئێران.

پێشتر مایک پۆمپێئۆ ١٢ مەرجی بۆ دانوستان و وتووێژ لەگەڵ تاران دیاری کردبوو کە یەکێک لەم خاڵانە بریتی بوو لە ڕاوەستاندنی بەرنامەی مووشەکی ئەم ڕێژیمە کە بەردەوام لەلایەن لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕەد کراوەتەوە؛ هاوکات پۆمپێئۆ لە دوالێدوانەکانیدا وتی: لەگەڵ ئەوەیکە "لانیزۆری گوشارەکان" بەردەوام دەبن، بەڵام ئامادەین کە بە بێ پێشمەرجیش دانووستان لەگەڵ تاران بکەین. لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: دەبێ ئامریکاییەکان هەڵسوکەوت و ئاکاریان بەرامبەر بە ئێران بگۆڕن!

لەلایەکی دیکەوە دانڵد ترامپ لە دواسەفەری خۆیدا کە بۆ بریتانیا ئەنجامی دا وێڕای تێرێزا مەی، لە پرێسکۆنفرانسیکدا ڕایگەیاند کە ئامریکا ئیزن نادات تاران ببێتە خاوەن چەکی ناوکی و ئەمەی وەک هێڵی سوور دیاری کرد؛ پرسێک کە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی بریتانیاشەوە پێداگری لەسەر کرایەوە. هەروەها سەرۆکی ئامریکا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کاناڵی ITV ڕایگەیاند: "ئەگەرچی هیچ مەیلێکم بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران نییە بەڵام هەموو کات ئەگەری شەڕێکی سەربازی بوونی هەیە؛ من پێم باشە بە وتووێژ کێشەکان چارەسەر بکرێن".

خامنەیی هەروەها لە نوێژی جێژن کە ئەمڕۆ ١٥ی جۆزەردان، بەپێچەوانەی باقی وڵاتانی موسوڵمان، بەڕێوە چوو، وێڕای بە خەیانەتکار لەقەڵەم دانی بەحرەین و عەرەبستانی سعودی، لە بەشێکی قسەکانیدا وتی: "گەڵاڵەی ئاشتی ناسراو بە "ئاڵووێری سەدە" (Deal of the Century) پیلانێکی خەیانەتکارانەی ئامریکایە کە عەرەبستان و بەحرەین بوارخۆشکەری بوون".

ڕێکەوتی ٢٥ و ٢٦ی ئەم مانگە (زایینی) بڕیارە کە دانیشتنێکی نێونەتەوەیی لە بەحرەین بەڕێوە بچێت کە تێیدا گەڵاڵەی دەوڵەتی ترامپ سەبارەت بە بردنەپێشی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی فلستین و دەوڵەتی ئیسڕاییل بخرێتە بەرباس تاکوو بتوانێ کۆتایی بە زیاتر لە ٧٠ ساڵ ململانێ و کێشەی نێوان ئیسڕاییل و فلستین بهێنێت، کە ئەم مەسەلە دژکردەوەی توندی کۆماری ئیسلامی لێکەوتۆتەوە.

ئەم شێوە دەربڕین و لێدوانەش هاوشێوەی قسەکانی خامنەیی لە ساڵمەرگی خومەینیدا دەرخەری یەک ڕاستییە: "ترسی دیکتاتۆر لە چارەسەربوونی گرفتەکانی ناوچە و کورتبوونەوەی زیاتری دەستی ئاژاوەگێڕی تاران و لە کۆتاییشدا ڕێگری کردن لە تەڕاتێنی تاران لە سنوورەکانی ئیسڕاییل و ناوچە بەگشتی".

**پەیڤ**

## شایی گەل، شینی ڕێژیمێک

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاوی، سەرلەبەیانی بەرەو قوتابخانە دەڕۆیشتین و ئەوکات، کاتی تاقیکارییەکانی ئاخری ساڵ بوو کە بە تاقیکارییەکانی جۆزەردان بەناوبانگ بوون. لە ڕێگای قوتابخانەدا گوێمان لە دەنگی بڵیندگۆی حوسەینیەی نزیک قوتابخانەکەمان بوو کە بە سۆزەوە هاواری دەکرد و شیوەنی دەگێڕا. هەر لەناو شیوەنەکەشیدا ڕایگەیاند کە داخداریی گشتی ڕاگەیەندراوە و قوتابخانە و ئیدارەکان داخراون! ئێمەش چەند هاوڕێیەک کە دەچووین بۆ سەر تاقیکارییەکان، لە خۆشییاندا حاڵمان نەبوو! لە گەڕانەوەماندا چاوم لێ بوو هەموو کۆڵان و شەقام پێدەکەنی! ئەمە حیکایەتی ئەم ڕێژیمەیە لە نێو دڵی کۆمەڵگا و لە نێو شەقامدا! بڵیندگۆ و تریبۆنەکانی حکوومەت شینیان دەگێڕا و کۆڵان و شەقامیش پێ دەکەنین: ڕۆژی مەرگی خومەینی بوو!

ئەم ڕێژیمی ئیسلامییەی تاران، تەنیا لە ڕۆژی مەرگی جەلادەکەی جەمارانیدا نەبوو کە هەست و سۆزەکانی دژ بە گەل وکۆمەڵگا بووە. حیکایەتی دژەگەلیبوونی ئەم ڕێژیمە زۆر قووڵە و لە خوێندنەوە بیگرە تاکوو سیاسەت و لە ئیدارەوە بیگرە تاکوو مزگەوت، ڕێژیم و گەلانی ئێران دوو بەرەی بەتەواوی جیاوازن و بەرامبەر بە یەک سەنگەریان گرتووە.

گەر ڕێژیم پروپاگەندە بۆ بەرنامەیەکی تلویزیۆنی دەکا، خەڵک حەزیان لە بەرنامەیەکی دیکەیە. گەر خەڵک حەزیان لە سەیران و گەشتی پارکەکانە، ڕێژیم لێیان قەدەغە دەکا.

ئەو مەلای مزگەوتەی ڕێژیم دایناوە، خەڵک هاتووچۆی مزگەوتەکەی ناکەن! ئەو مەلایەش کە خەڵکییە و گەل بەڕێزەوە لێی دەڕوانن، ڕێژیم دووری دەخاتەوە!

ڕێژیم دەیەوێ خەڵک لە ڕێوڕەسمە شینگێڕییەکانی حکوومەتدا خەمبار بن و تازیەبار؛ لاوەکان بۆ شایی و ڕابواردن و یەکتر بینین دەچنە ئەو ڕێورەسمانە!

ئەمساڵیش شایی خەڵک لەگەڵ دژایەتیی ڕێژیم بەرەوڕوو بۆوە. نەک هەر هەڵپەڕکێ و شاییان لە قوتابخانەکان و لە پارکەکان، بەڵکوو ڕاگەیاندنی ڕۆژی جەژنیشیان لەگەڵ خەڵک نییە.

ئەمساڵ ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان ڕێژیم وەکوو هەموو ساڵانی دی خەریکی بەڕێوەبردنی شینگێڕیی بەبۆنەی مەرگی جەلادی جەمارانەوەیە و هاوکات ڕۆژی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا، پیرۆزبایی خۆیان گەیاندە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی عێراق.
دەقی پەیامەکەیان بەم چەشنەیە:
بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەموو حیزبەکانی بەشدار لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و لێهاتوویی جەنابتان لە ئیدارەی حکوومەت و دڵسۆزیتان بۆ گەل و نیشتمان، هیواداریین بە هەوڵەکانی ئێوە ژیانی خەڵک لە باشووری کوردستان ڕوو لە باشبوون بکات و وەک هەمیشە ببنە پاڵپشت بۆ هەموو کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان.
جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و دۆزی ڕەوای کورد دەخوازین.
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی

# کۆبوونەوەی هاوپەیوەندی بۆ ئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا، بەڕێوەچوو



کۆمەڵێک لە حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێران، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ناوچەکە و زۆربوونی گوشاری جیهانی بۆ سەر ئەم ڕێژیمە، لە وڵاتی "ئاڵمان"دا کۆ بوونەوە.
ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان، سێهەمین کۆبوونەوەی هاوپەیوەندی بۆ ئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا بە بەشداریی دە حیزب و لایەنی سیاسی لە شاری "فرانکفۆرت"دا بەڕێوەچوو.
لەم کۆبوونەوەیەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی دێموکراتیکی ئازەربایجان- بیرلیک، بزووتنەوەی کۆماریخوازانی دێموکرات و لائیکی ئێران، حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەحواز، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، حیزبی خەڵکی بەلووچستان، ڕێکخراوی فیداییانی خەلقی ئێران، شۆرای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆ بوونەوە و بارودۆخی سیاسیی ناوچەکەیان هەڵسەنگاند و لەبارەی چۆنیەتیی هاوکاریی زۆرتر بۆ لەنێوبردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وتوویژیان کرد.
هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا، پێشنیارەکانی نوێنەرانی حیزبەکان بۆ پێویستی، ڕیزبەندی و چالاکییە هاوبەشەکان لەم هاوپەیوەندییەدا، خرایە بەر باس و بۆچوونی بەشدارانەوە.
هاوپەیوەندی بۆ ئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا، بۆ دێموکراسی، جیایی ئایین لە سیاسەت و فێدراڵیزم، چالاکیی خۆی لە ١٦ی نۆوامبری ٢٠١٨ـەوە دەست پێکردووە.
ئەم کۆبوونەوەیە لە دۆخێکدا بەڕێوەچوو کە ئێران و ناوچەکە بینەری گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکانە و دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ دیاریکردنی هەڵوێستەکانی خۆیان لە بەرامبەر ڕووداوە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا، لە حاڵی وتووێژدان.

# پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک و حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە



شاندێکی یەکیەتیی دێموکراتیک لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە و لە بارەی جێگە و پێگەی کورد گفتوگۆیان کرد.
ڕۆژی سێشەممە، ٣١ی بانەمەڕ، شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (PYD) بە سەرۆکایەتیی "سولەیمان عەلی عەرەب"، نوێنەری پەیەدە لە باشووری کوردستان سەردانی دەزگای پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.
نوێنەری پەیەدە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری"، بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازییان لێ کرا.
سەرەتا "محەممەدنەزیف قادری"، وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان، باسێکی گشتیی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جێگە و پێگەی کورد لە ئێستا و داهاتووی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا پێشکەش کرد. بەڕێزیان وێڕای شرۆڤەکردنی بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، لەسەر گرینگیی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان و پاراستنی و یەکریزی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە پێناو ئامانجی هاوبەشدا جەختی کردەوە.
دواتر "سولەیمان عەلی عەرەب"، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە و هاتنەئارای شەڕی نێوخۆیی و سەرهەڵدانی گرووپە تێرۆریستەکانی وەک داعش، و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشەی لە کوردستاندا پێشکەش کرد. بەڕێزیان باسی لەوە کرد: ئەزموونی ڕۆژئاوا دەسکەوتێک بۆ هەموو پارچەکانی کوردستانە و پێویستی بە پاڵپشتی و هاوسۆزیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا هەیە.
لە کۆتاییی ئەو دیدارەدا هەر دوو لایەن لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی هاوکاریی دوو لایەنە جەختیان کردەوە.

# دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات سێمینارێکی بەڕێوە برد



دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی دەزگای ڕێکخستن سێمینارێکی بۆ بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە برد.
ڕۆژی شەممە، ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی، سێمینارێک بۆ بەرپرسان و بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی هەڵبژاردن لە حیزبی دێموکراتدا بەڕێوە چوو.
سێمینارەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
دواتر "دارا ناتق"، بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لەسەر ئامانجی کۆبوونەوەکە و هەروەها گرینگیی کۆڕ و سمیناری لەم شێوەیە لە پێوەندی لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان و یەک لەوان ململانێی ئێران و ئامریکا لە ناوچەکە بۆ بەشداربووان دوا. ناوبرا باسی لە ئەرکی ئەندامان وەکوو کۆڵەکەیەکی سەرەکیی حیزب و خۆئامادەکردن و چۆنیەتیی خۆپاراستنیان لە ئەگەری هەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکدا کرد، کە لە ئەگەری ئەو ململانێیانەدا دێنە ئاراوە.
پاشان سەلیم زەنجیری، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن باسێکی گشتیی لەسەر هەڵبژاردن و گرینگیی ئەو پرسە و نەخشی لە چارەنووس و ژیانی سیاسیی ئەحزابدا پێشکەش کرد و ئاشکرای کرد، کە ئەو چەمکە لەمێژە لە حیزبی دێموکراتدا نەهادینە و بەدامەزراوەیی کراوە و یەکێک لە پایەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای دێموکراسی و هەڵبژاردن بونیات نراوە.
زەنجیری ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکانی دوای کونگرەی شازدەیەم لە پێکهاتەی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بەو پرسە کرد و ڕایگەیاند، کە گرینگی و زەروورەتی دامەزراندنی ئەو دەزگایە، نیشانەی بایەخدانی زیاتری ڕێبەریی حیزب بەو پرسەیە و هەروەها وڵامێکی زۆر بەجێ بەو دەنگۆیانەیە کە باس لە کاڵکردنەوە یان وەلانانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دەکەن.
بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن هەروەها ڕایگەیاند: کە لە هەوڵدان کە ڕێکار و میکانیزمی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ستراکتێری نوێی حیزبی دێموکراتدا ئامادە و دوای پەسەندکردنی لە لایەن ناوەندی سیاسییەوە، بە زوویی دەست بە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە لە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبدا بکەن، تاکوو ئەو هەڵبژاردنانە ببنە کێبڕکێیەک بۆ خزمەتی زیاتر و وەسیلەیەک بۆ گەیشتنی کەسانی شیاو بە شوێنی شیاو.
لە بڕگەیەکی دیکەدا، "عەباس ئەحمەدی"، ئەندامی دەزگای هەڵبژاردن بە نوێنەرایەتیی ئەو دەزگایەوە باسێکی لەسەر پێویستی و زەروورەتی بە ئێلکترۆنیکردنی کاری ڕێکخستنی کرد و شیکردنەوەی زیاتری لەو پێوەندییەدا بە بەشداران دا.
بڕگەی کۆتایی سێمینارەکە، بۆ وڵامدانەوە بە سەرنج، تێبینی و پرسیاری بەشداربووان تەرخان کرا.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ٤٤ـەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٤٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانییان کرد.
ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان، هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "محەممەدنەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان کرد و لە لایەن وەڤدێکی مەڵبەند، بە سەرپەرستیی "بورهان سەعید سۆفی"، بەرپرسی مەڵبەندەوە، پێشوازییان لێکرا.
لەم دیدارەدا، وەڤدی حیزبی دێموکرات، پیرۆزبایی حیزبی دیمۆکراتیان بە بۆنەی ٤٤ـەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانییەوە پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، کادر و ئەندامانی یەکیەتی کرد.
لە بەرامبەردا، وەڤدی یەکیەتیی نیشتمانی، وێڕای سپاس و پێزانین لە حیزبی دێموکرات، پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەر دوو لایەنیان بەرز نرخاند.

# هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران، سووکایەتی بە جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگە دەکەن



هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران، لە شاری شنۆ، وەکوو پیشەی هەمیشەییان لە شاخەکانی شاری شنۆ، بە جلوبەرگی پێشمەرگایەتییەوە، بۆسە بۆ کاسبکاران دادەنێن و سووکایەتی بە جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگە دەکەن.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە شاخەکانی شاری شنۆ، هێزە نیزامییەکان بە ناوی بەرز و پیرۆز پێشمەرگەوە، بۆسە بۆ کاسبکارانی ئەو ناوچەیە دادەنێن و سووکایەتی بە جلوبەرگی پێشمەرگە دەکەن.
بەپێی ئەم هەواڵە، ئەو هێزانە کە بێڕێزی و سووکایەتی بە جلوبەرگی پێشمەرگە دەکەن و بۆسە لە سەرڕێ کاسبکاران دادەنێن، جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێرانن، کە لە شاخەکانی شنۆ مۆڵ دراون.
ئەو سەرچاوەیە هەروەها ڕایگەیاند: ئەو هێزانە لە سەرڕێی کاسبکاران، بە ناوی پێشمەرگە و بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە بۆسە دادەنێن و سووکایەتی بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە دەکەن.
بە وتەی ئەو سەرچاوەیە ئەو هێزە مۆڵدراوە، لە پشت شاخەکانی گوندی "میراوایـ"ـی شاری شنۆدان و دەس بە ئەزیەت و ئازادانی هاووڵاتییانی ئەو گوندە و گوندەکانی دەوروبەری دەکەن.
لە لایەکی دیکەوە، ڕێکەوتی ٩٨/ ٥/٣ بەرپرسی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران، لە پیرانشار بە ناوی "نەسیری" و بە هاوکاریی بەرپرسی ئیتلاعاتی ئەو شارە بە ناوی "کەریمی" بە هاوڕێیەتیی هێندێك بەکرێگیراوی ئەو شارە پەلاماری گوندی زێوکەی بەربنەی پیرانشاریان داوە و دەستیان بەسەر هێندێك ئەسپی کاسبکاران گرتووە.
سەرچاوە لەوبارەوە ڕایگەیاندووە: گوایا ئەسپی کاسبکاران بۆ ڕاگواستنی پێشمەرگە کەڵکی لێ وەردەگرن؛ لەلایەن خاوەن ئەسپەکانیشەوە پەلاماری بەکرێگیراوان دراوە و پاش لێدانیان لە لایەن خاوەن ئەسپەکانەوە، هەموو بارهەلگرەکانیان لێ سەندوونەتەوە.
هێزەکانی سپای پاسداران و دەستوپەیوەندییەکانیان، بە بڕیاری خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان هاتوونەتە کوردستان.

# ڕاسانیانی خۆرهەڵات، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد



لە دوو حەوتووی ڕابردوودا تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی خۆرهەڵات و بەردەوامی لە ڕێبازی شەهیدان لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی نیشتمانپەروەری گەل لە گوندەکانی تەنگیسەر، دەل و ڕوار، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵە ئازاکانی گەل، بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕاسان و خەباتی گرێدراوی شار و شاخ، لە هاوینەهەوارەکانی "ژۆنی" و "هەیشوور"، سەر بە گوندەکانی دەل و ڕوار لە هەورامانـدا، پۆستێر و تراکتی حیزبی دێموکراتیان بڵاو کردەوە.

هەروەها، دێموکراتپەروەرانی "تەنگیسەر"، بە دانانی جامانە و گوڵی سوور، ڕایانگەیاند: "ئێمە لەسەر ڕێبازی شەهیدانی گەل و حیزب بەردەوامین و ڕاسان تا گەیشتن بە لووتکە بەردەوامە".

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژانە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکرات، ئامادەیی خۆیان بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنن.

ئەم چالاکییە بەرینە تەبلیغاتییانە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت، کە سپای تێرۆریستی پاسداران و چڵکاوخۆران، شار و گوند و شاخەکانی کوردستان بە چڕی چاوەدێری دەکەن و ئیدعای ئەوە دەکەن کە خەڵکی کوردستان بەتەواوەتی لەژێر کونترۆڵیاندایە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی گڵکۆی چەند شەهیدی حیزبی دێموکراتیان لە کوێستانی "قوروچاوێ" سەر بە شاری پیرانشار کرد.

قارەمانانی دێموکرات بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی نەمرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، لە کوێستانی قوروچاوێ سەردانی گڵکۆی شەهید "ڕەحمان خزرزادە"، ناسراو بە ڕەحمان دۆشکە و چەندین شەهیدی دیکەیان کرد.

تیکۆشەرانی دێموکرات، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردهەوە و بەڵێنییان دا، کە هەتا سەرکەوتن وەفادارن بە ئامانجی شەهیدان و لەو پێناوەدا لە تێکۆشان ناوەستن.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات، لە شاری بۆکان بە نووسینی دروشمی وەک: "بژی حیزبی دێموکرات"، "قاسملوو و شەرەفکەندی ڕێگاتان درێژەی هەیە"، لە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتیوانییان کرد.

ڕۆڵە چاونەترسەکانی گەل، بە هەڵکردنی لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە پێشمەرگە ڕاگەیاند.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، ئەم چالاکییە تەبلیغییەیان لەسەر جادەی بۆکان- مەهاباد و بەردەم زانکۆی "عیلمی- کاربوردی"ی بۆکاندا، بەڕێوە برد.

لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەم پەیوەندییەدا ڕایانگەیاندووە، کە ڕاسان تا گەیشتن بە لووتکە بەردەوامە و ڕێبازی پیرۆزی شەهیدانی حیزب و گەل، ڕێبازی ژیانیانە.

هەروەها، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کێلەشینی شنۆ بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی ڕوژهەڵات چالاکیی تەبیغییان بەڕێوەبرد.

قارەمانانی دێموکرات، لە گوندی "خانلەر"ی سەر بە شاری شنۆ، پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسان، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، دەربڕی.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە نووسینی دروشمگەلێک وەک: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سڵاو لە شەهیدان، سڵاو لە ڕاسان، مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و مەرگ و نەمان بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

نیشتمانپەروەرانی کوردستان، لە شاری بانەدا، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بەرزاییەکانی شاری "بانە"دا ،بۆ جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دووپات کردەوە.

هەر لەو پەیوندییەدا چەند ڕۆژ پێش، تێکۆشەرانی دێموکرات، لەسەر جادەی بۆکان- مەهاباد و بەردەم زانکۆی "عیلمی- کاربوردی"ی بۆکاندا، بە هەڵکردنی لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەم پەیوەندییەدا ڕایانگەیاندبوو، کە ڕاسان تا گەیشتن بە لووتکە بەردەوامە و ڕێبازی پیرۆزی شەهیدانی حیزب و گەل ڕێبازی ژیانیانە.

ڕۆژی هەینی، ١٠ی جۆزەردان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرزاییەکانی شاری مەهابادا، بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی خۆرهەڵات و درێژەپێدانی ڕێبازی شەهیدان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات، بە نووسینی: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی ڕاسان، شەهید نامرێ" و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە، پیشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە چیاکانی شارەدێی دزەی مەرگەوەر، سەر بە شاری ورمێ، بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چیاکانی شارەدێی دزەی مەرگەوەر، سەر بە شاری ورمێ، بە نووسینی دروشمگەلی: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و 'بژی ڕاسان" و هەڵکردنی جامانە، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و ڕاسان بەڕێوە برد.

پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی شامیانی مەریواندا، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری وێنەی پێشەوا قازی محەمەد و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی چالاکی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە: چیاکانی کوڕە میانە، کانی سێف، سەر مەرز، هەوارەکانی گۆلبەن، ساوڵی و زهۆرە.

## درێژەی پەیڤ

جەژنی ڕەمەزانیش کەوتۆتە ئەم ڕۆژە.

دژایەتیی شایی و شینی خەڵک و ڕێژیم لەمساڵدا گەیشتۆتە لووتکەی خۆی. هەرچەند ڕێژیم دەیەوێ ڕۆژی جەژن بخاتە ڕۆژی دواتر تاکوو وەکوو هەمیشە جەژنی خەڵک لەگەڵ جەژنی وڵاتانی دەوروبەر نەبێ، هەم دەستێوەردان لە شایی خەڵکیشدا بکات و هەم بە ئاسوودەیی خەڵک بانگ بکا بۆ شینگێڕی بەڵام خەڵک ڕۆژی شینی ڕێژیمیان کردە ڕۆژی شایی.

خەڵک هەم بەبۆنەی جەژنەوە و هەم بەبۆنەی ساڵرۆژی مەرگی جەللادەوە شایی دەگێڕن. خومەینیی تاوانبار، ئەو جەللادەی کە لە ژیانیدا سەدان هەزار کەسی کوشت یان بە کوشتنی دان، لە مەرگیدا بە میلیۆنان کەس خۆشحاڵ بوون.

هەرچەند مەرگی خومەینی، کۆتایی ڕێژیمی تاوانباری تاران نەبوو و جەللادێکی دیکە جێگەی گرتەوە بەڵام لە مەرگی ئەودا سووکنایی بە دڵی میلیۆنان داخداری دەستی ڕێژیمەکەیدا هات و ئەم جەللادەی جێی گرتۆتەوە، لە سەر هەمان ڕێچکەی بەدناوییە و ئیدی هیچ داو تانوپۆیەک نەماوەتەوە کە دوای مەرگی سروشتی یان کوژرانی ئەم جەلادە بەدەستی خەڵک، بتوانێ ڕێژیم پێکەوە گرێ بداتەوە.

# بزووتنەوەی کورد لە باشووری زاگرۆس



عەلی ئەشرەف مۆرادی

کاتیک بە شێوەی کۆنکرێت باسی دەستەواژەی نەتەوە دەکریت ، چەندین چەمکی وەکوو، زمان، مێژوو، کولتوور و نژادی هاوبەش خۆیان دەنوێنن و زۆریش گرینگن بەڵام ناتەواون، بۆیە گرینگترین ئێلیمەنتی پێناسەی نەتەوە، واتە خاك و نیشتمانێك کە خەڵکی سەر بەو نەتەوە تێیدا دەژین، دێتە ئاراوە.

لەراستیدا وەکوو واقعی سیاسی، تا وڵات، خاك و نیشتمانت نەبیت، وەکوو نەتەوە، حیسابت لەسەر ناکەن و بە نەتەوەت نازانن، هەر بۆیەش لە ئەدەبیاتی سیاسی زۆر نەتەوەدا، خاك و وڵات بە دایکی نیشتمان ناودێر دەکرێت.

وڵاتی کوردستان بەهەوی سیاسەتی زلهێزەکان و داڕێژەرانی نەخشەی جیهان بووەتە چواربەش و هەر بەشێکیش لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکە.

بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە جوگرافیای ئێراندا هەڵکەوتووە، دیسان خۆشی دابەشکاری زۆری بەسەردا سەپاوە کە دەتوانین بەشێوەی خوارەوە پۆلێنبەندی بکەین:

_ خاکەکەی لە کوردستان دابڕاوە وەکوو ئەو شوێنانە کە ئێستا خەڵکی دیکەی غەیرەکوردی لێ دەژین

_ خەڵکەکە لە کوردستان کۆچێندراون، وەکوو کوردەکانی خۆراسان، شیراز، مەنجیل، تاڵش و کوردە لەکەکانی قەزوین .

_ خەڵکەکەی ئاسیمیلە کراون و ناسنامەی خۆیانیان لەبیر کردووە.

بۆیە زۆر پێویستە کاتێك باسی ڕۆژهەڵات دەکەین زۆر واقعی سەپێندراو لەبەرچاوبگرین و هەر چەند هەموو خاکی کوردستان و بست بەبستی نیشتمان لای هەموو تاکێکی کورد دەبێت پیرۆز بێت بەڵام هەر ناوچە و بەشێك، تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەهەموو پێوەرێك باشووری ڕۆژهەڵات کە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و بەشە کوردنشینەکانی لوڕستان و هەمەدان لەخۆدەگرێت، هەستیارترین و گرینگترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتن و دەتوانین بڵێین باشووری روژهەڵات ترپەی دڵی ڕۆژهەڵات و کرماشانیش دەرگای چوونە ژوورەوەیەتی.

نەخشی باشووری ڕۆژهەڵات لەژێئۆپۆلیتیکی کوردستان:

لە ژێئوپولیتیکدا دوو چەمکی، پانتایی وڵات و حەشیمەت زور ئەساسن، کە وەك دەزانین، باشووری ڕۆژهەڵات، زیاترین حەشیمەت و پانتایی ڕۆژهەڵات لەخۆدەگرێت بۆیە هەم بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هەمیش بۆ دوژمنانی کورد نەخشی، یەکلاکەرەوەی هەیە.

لە ئێستا و داهاتووشدا، بەهەبوونی هەر چەشنە حکومەتێك یان شێوە دەسەڵاتدارییەك لە ئێرا ستان بەگشتی و باشووری ڕۆژهەڵات بەتایبەتی نەخشێکی یەکجار گرینگیان دەبێت، چوونکە ئەگەر سبەی ڕۆژێك خەڵکی کوردستان بیانەوێت بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، جا چ خوازیاری سەربەخۆیی بن یان ئەوەی ئێستا کە بزووتنەوەی کورد وەکوو فیدراڵ داوای دەکات یان هەر سیستمێکی حکومەتی دیکە، بێتە سەرکار، داواکارییە رەوا نەتەوەییەکانمان، یان بەشێوەیەکی دێموکراسی و لە قاڵبی دەنگی خەڵك و سندووقی دەنگداندا دەبێت، یان لە قاڵبی بەرگری رەوای نەتەوەییدا لەبەرانبەر پاوانخوازی سیستمی ناوەندگەرا خۆی دەنوێنێت کە لە هەر دوو حاڵەتدا، باشووری ڕۆژهەڵات بەو حەشیمەتە زۆرەوە، نەخشی یەکلاکەرەوەی دەبێت

یەکێك لە گرینگترین باسەکانی رێئال پۆلیتیك، لەبەرچاوگرتنی کونسپتی ژئو- ئیکۆنۆمی وڵاتەکە هەموو سامانە سروشتییەکان لەخۆدەگرێت کە دەتوانێت ژێرخانی گرینگی ئابووری بۆ سەروەری و خۆبەڕێوەبردنی وڵات بێت، کە باشووری ڕۆژهەڵات بە هەبوونی، پیشەسازی دایك، وەکوو پێترۆشیمی و پاڵاوگەی نەوت، هەبوونی گاز و نەوتێکی یەکجار زۆر، هەبوونی کانگای دیکە وەکوو بەردی بەنرخ، کانزا دەگمەنەکان، هەبوونی زور دەشتی پان و بەرین بۆ کشتوکاڵ، دەرەتانی بەرین بۆ پیشەسازی ماسی، باخداری و پیشەسازی تازەدامەزراوەی هەنگوین، لەوەڕگە و بژوێنی بەپێز بۆ ئاژەڵداری، هەبوونی ئاوی شیرین و زۆر شتی دیکە نەتەنیا، کوردستان بەڕێوە دەبات بەڵکوو دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ ناردنە دەرەوەیان کە ئەویش دەبێتە هۆی گەشەی زیاتری وڵات.

باشووری ڕۆژهەڵات و بەتایبەت گەورەشاری کرماشان بەهەبوونی چوار هەزار ئاسەواری کۆن لەهەموو قۆناخە مێژوویيەکان، دووسەد ئاسەواری سروشتی خواکردی تومارکراو، کەشوهەوای لەبار، سروشتی جوان و رەسەن، بوونی لە سەر ریگای مەزارە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف، دەتوانێت وەکوو جەمسەرێکی گەشتیاری، وڵاتی کوردستانمان ببووژێنێتەوە.

مێژووی خەبات لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

بۆ پێناسەی کوردستانیی باشووری ڕۆژهەڵات هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین سەرچاوەی وشەی پیرۆزی کوردستان، دینەوەری کرماشان و لەکاتی سوڵتان سەنجەری سەلجووقییە و دواتریش زۆر شۆڕشی کوردی لەم ناوچەیە سەری هەڵداوە.

بەپێی مێژوو، دەبینین لە زۆربەی قۆناخە مێژوویيەکاندا، باشووری ڕۆژهەڵات وەکوو ناوەندی قورسایی کوردستان بە گۆڕوتینەوە ئامادەبووە و بوونی خۆی لە قاڵبی حکومەتدا وەکوو پاشایەتی زەندییەکان، حکومەتی حوسنەویەی کورد، والییەکانی پێشکو و پاشکو سەلماندووە یان خۆی لە قاڵبی شۆڕش و بزووتنەوە رزگاریخوازەکان ، وەکوو شۆڕشەکانی باباسەرهەنگ دەوانی، شاخوشین لوڕستانی، باوا ناووس جاف، عەلی قولیخان ئەبوقەدارە، داوودخان و سلیمان خانی کەلهوڕ، حسەین بەگی وەکیل، ئاغا شر، قەدەم خەیر و یارمحەممەدخانی کرماشانی، نیشان داوە.

لە مێژووی سەد ساڵی رابردویشدا، کە چەمکی دولەت-نەتەوە هاتە ئاراوەو حکومەتە ناوەندییەکانی بۆ سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکە، ئیستراتیژی یەك وڵات، یەك خاك، یەك زمانیان هەلبژارد، بزووتنەوەی کوردیش چ وەکوو شۆڕشەکانی سمکۆ و چ دواتریش وەکوو دامەزراندنی حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مودێرنی رێکخراو، توانی خۆی راگرێت و بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، قۆناخێکی نوێ لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، دەست پێکرد.

راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەو هەلومەرجەدا کە حکومەتەکانی ناوچە، هەمووی پاشایەتی و پاوانخوازانە بوون، لاپەڕەیەکی هەرەزێڕینی مێژووی نەتەوەکەمانە، کە کورد وەکوو نەتەوەیەك بەفەرمی، ویستی خۆی لە قاڵبی حکومەتێکی فیدراڵدا بەجیهان راگەیاند و رووداوێکی گرنگ و لەعەینی حالدا پڕشانازییە بۆ هەموو تاکێکی کورد.

بەراگەیاندنی کۆماری کوردستان، رێبەرایەتی کۆمار و حیزبی دێموکرات، بۆ گەیشتنی کۆمار بەهەموو پانتایی و جوگرافیای کوردستان و لەوانە باشووری ڕۆژهەڵات، پێوەندیان بە زۆر کەسایەتی و لەوانە، میرزا ئیبراهیم خان نادری، سەید تاهیر هاشمی و یەدوڵا رەزاییەوە کرد کە بتوانن زیاتر و زیاتر کۆمار بەرەو باشووری وڵات ببەن و بزووتنەوەی کورد گەشە پێبدەن .

بە رووخانی حکومەتی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری کۆماری بەناو ئیسلامی، بۆ ماوەیەك حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان بە رەسمی و ئاشکرا تێکۆشانیان هەبوو و هەر بەم پێیە بزووتنەوی رزگاریخوازی کورد، بەرێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا دەستی بەخەبات و کاری رێکخستنی کرد، بەڵام زۆر زوو راستی حکوومەت بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوت و بە "نا"گوتن بە راپرسی کۆماری ئیسلامی، رێگای کورد و حکوومەت لەیەك جیا بووەو ئاکامی شەڕێکی چل ساڵەی سەپێندراوە کە تا هەنوکەش بەردەوامە.

بەدەسپێکی هێرشەکانی حکومەت بۆ سەر کوردستان، بەرگرییەکی بێوێنە لەلایەن خەڵکی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی هاتە ئاراوە کە لە باشووری ڕۆژهەڵات و شاخە سەرکەشەکانی داڵاهۆیش، بزووتنەوەی بەرگری خەڵکی ئەهلی حەق، زۆر حەماسەیان خوڵقاند و دواتریش پەیوەست بوون بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و سەدان ئەفسانەیان خوڵقاند.

بە لێزانی و دووربینی رێبەری نەمر کاك دوکتور قاسملوو بەپێکهێنانی کۆمیتەی کرماشان و هێزەکانی بیستوون، شاهۆ و داڵاهۆ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کورد بەرێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، زۆر گەشەی سەند و جیا لەبەربڵاوبوونی رێکخستنەکان، توانیان زۆر زەربەی جەرگبڕ لە دوژمن بدەن و رێژیم تووشی داشکان بکەن.

ڕێژیم بۆی دەرکەوت کە کوردستان وەکوو قەڵایەکی نەگیراو لەبەرانبەر پاوانخوازی ئەودا، راوەستاوە خەڵکی کورد بەوتنی "نا" بە رێفراندۆم و بەرگرییەکی بێوێنەی نەتەوەیی لەبەرانبەر هێرشەکانیدا، چۆك دانادەن و ڕێژیم تووشی کێشەی گەورە دەکەن بۆیە حکومەت جیا لە شەڕی چەکداری، لە فیکری بەرتەسککردنەوەی بزووتنەوی کورد و بەتایبەت دابڕانی باشووری ڕۆژهەڵات لە بزووتنەوی کورد بوو.

بۆیە ڕێژیم دەیزانی شادەماری مانەوەی، سەرکوتی بزووتنەوەی کورد و شکست و سەرکەوتنیان بەگشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەدی دێت بۆیە، زۆر بێبەزەییانە، بە حوکمی جیهادەوە دەستیان دایە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و زیاتر لەوەش بە ئیشارەتی ژووره فکری - زانیارییەکانیانەوە، ویستیان بەکەڵکوەرگرتن لە جیاوازییە ئایینی، زاراوەیی، کولتوری و ناوچەییەوە بتوانن درز بخەنە نێوان خەڵکی کورد و بەدوورخستنەوەی خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵات لە بزاڤی کوردی، بزووتنەوە تووشی شکان یان لانیکەم نوقسانی بکەن، و لەم چوارچێوەدا بە دوور لەهەموو پێوەرە ئەخلاقی و ئینسانییەکان، بەکەڵکوەرگرتن لە مادده سڕکەرەکان (جینۆسایدی سپی)، پەرەپێدانی بێکاری، فەساد، سەرکوت، بەربەست دروست کردن بۆ هەر چەشنە کارێکی فەرهەنگی، کولتوری، کۆمەڵایەتی تا ئێستاش بەردەوامن .

خاڵێکی زۆر هەستیار کە لەم دواییەدا زیاتر خۆی نیشان داوە، ڕێژیم بە هاوکاری دەسوپێوەندییەکانی، خەریکی نەتەوەسازی بۆ تیرە و تایفەکانی کوردستان و زمانسازی بۆ زاراوەکانی زمانی کوردین، لەحاڵێکدا سەرچاوە نەتەوەییەکەی وەکوو "قوم" و زمانە نەتەوەییەکەی، وەکوو گویش و زاراوەی مەحەلی ناو دەبەن .

دواوتە

بناغەی هەرەگرینگی دۆزینەوەی رێگەچارەی هەموو پرسێک، ئەوەیە سەرەتا پرس و بابەتەکە بناسینەوە و لەهەموو رەهەندێکەوە لێی بکۆڵینەوە و شیتەڵی بکەینەوە.

جا ئەگەر بمانهەوێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەجوانی لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بڵاو ببێتەوە دەبێ لە سۆنگەی پاشخانی مێژوویی، کولتووری و سیاسییەوە، بەجوانی لە بیروباوەڕ و هەست و سۆز و شێوازی تێفکرین و هەڵسوکەوت و سایکۆلۆجیای خەڵکی ناوچەکە حاڵی ببین؛ ئینجا قووڵ لە ئەوەی هەیە و لەگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و هەروا بێتەوە بە پشتبەستن بەزانیاری و داتای نوێ، ئەوەندەی دی پەرە بە بزووتنەوەی کورد بدەین و رێژیمی پێ بەرپەرچ بدەینەوە.

بزووتنەوەکەمان دەبێ پشت بە خەڵکی بژاردەی ناوچەکە ببەستێت و ژوورێکی رامان و تێفکرینیان لێ پێک بهێنێت؛ هەتا هەم کۆمەڵگاکەیان پێ بناسێتەوە هەمیش بە زانست و بە رامان، خاڵی تۆکمە و لاوازی بزووتنەوەکەیان پێ بدۆزێتەوە لە ناوچەکەدا؛ خوێندنەوەیەکی راست و دروستی راستییەکان؛ چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا؛ ناسینەوەی فرتوفێڵەکانی رێژیم، داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە و ستراتیژێکی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خەونی خۆی؛ بزووتنەوەی کورد، دەبێ بەگوێرەی راستییەکان و ئەوەی هەیە، لەگەڵ هەست و سۆز و داواکاری و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەدا بجوولێتەوەو، ئەوەندەی پێ دەکرێ، لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتگیرەکەی خۆیدا، خواستی ئەو خەڵکە گەورە بکاتەوە و شوێنی بگرێت.

ئێستاکە، رێژیم دوو ئەوەندەی ئەو سەختەبڕەی لەگەڵ کورددا دەیکات، بە یارمەتیی زانیاریی هەواڵگری و سەربازی، لە چەند لاوە کەوتووەتە نەرمەبڕ کردنی بزووتنەوەی کورد و بەئەنقەست قەیرانی کولتووری و کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت و بەجیاوازیخستن و دووبەرەکی، خەریکە گەلی کورد بخاتە مەترسییەوە و بەنیازە زیانێکی وای لێ بدات کە بەهیچ کلۆجێک قەرەبوو نەکرێتەوە.

ئەو جیاوازی و دووبەرەکییەش بەچی دەخوڵقێنێت؟ بەچێوەشێوکەدانی گۆمی سیاسەت؛ بەپارەو بەزۆر و بەدەسەڵات و بەراگەیاندنی جۆراوجۆرەوە، مەزهەب و کولتووره جیاجیاکانی کوردستان بەگژ یەکدا دەدات و دەیەوێ هەرچۆنێك بوویێت کوردی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەلی کورد دابڕێنێت.

هەربۆیە بزووتنەوەی کورد دەبێ بەوپەڕی هێزەوە خۆی گورجەوە بکات و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو فێڵ و نەرمەبڕییەی رێژیم، کۆمەڵە تیمێکی بەهێز پێک بهێنێت.

بەخۆشییەوە هەتا دێ خەڵکەکە لە بواری سیاسی و فەرهەنگییەوە فرەتر چاویان دەکرێتەوەو، حەق و مافی خۆیان دەناسنەوە؛ هەتا دێ دامەزراوەی سەر بە خەڵک زیاتر پەرە دەستێنێت؛ دامەزراوەی وێژەوانی و کەلەپووری؛ کاروکردەوەی ژینگەپارێزی و وەرزشی و هونەری و زۆر بابەتی دی؛ ئا ئەو چەشنە دامەزراوە خەڵکانی و چالاکیانە، بزووتنەوەکەی بە ئاپۆڕای خەڵکەوە گرێ داوە؛ هەم بزووتنەوەکەی پێ بەهێز دەبێ، هەمیش بووەتە پردی پەیوەندی لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکە چالاکە سیاسیکارەکەی ناوخۆ؛ سەرەڕای ئەوەش داواکاریە نەتەوایەتییەکانی کردووەتە خواستی هەموو خەڵک و، وای کردووە خەبات لە ناو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگادا چەکەرە بکات؛ رێکخستن و ئاراستەکردنی توێژ و پێڕە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و وەگەڕخستنی توانستە پەنگراوەکەی هەموو توێژێکی کۆمەڵگا، ئەوانەش هەر هەمووی لە سای ئەو کۆمەڵگا شارستانەوەیە وا چەکەرەی کردووە.

دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دوو رۆڵی هەرەگرینگ دەگێڕێت:

یەکەمیان ئەوەیە ئاپۆڕای خەڵک و بزووتنەوەکە لێکگرێ بدات؛ کەوابوو هەم خەڵک فێرە خەبات دەبن و هەمیش خەباتەکە پەرە دەستێنێت.

یەکە ودوایش، ئەو کۆمەڵگای مەدەنییەی هاتووەتە ئاراوە، جۆرە مەشقێکی دێموکراسییە و دەکرێ خەڵکی پێ فێرە دێموکراسی بکەین و لە پاشەڕۆژی کوردستاندا، دێموکراسییەکی راستەقینە بچەسپێنێت.

لە بوومەلەرزەکەی کرماشان و لافاوەکەی ئیلام و لوڕستاندا بینیمان چۆن کورد لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بەدەم یەکەوە هاتن و پشتی یەکیان گرت؛ لە نەورۆزەکەی ئەمساڵیشدا، خەڵک بەگوڕوتین و بەهەڵدان و هەڵکردنی هێمای کوردانەوە کردیانە جەژن. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵگای مەدەنی گەشەی سەندووە؛ خەڵک بەگشتی لە سیاسەت تێگەیشتوونە و چاویان کراوەتەوە؛ ناوچەکەیش وا بەرەبەرە دەگۆڕێت؛ ئا لەو سۆنگەیەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، پاشەڕۆژێکی گەشی بۆ بەدی دەکرێت، بەتایبەت لەباشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

# سەرەنجامی دیکتاتۆر



شەماڵ تەرغیبی

بەرایی

ڕێکەوتی ١٣ی دێسامبری ٢٠٠٣ی زایینی ساتەوەختێکی مێژوویی بوو بۆ خەڵکانی عێراق؛ هێزە ئامریکاییەکان لەو ڕۆژەدا سەدامیان لە کوونێکی بچووکی نماوی و تاریک لە شوێنێکی دووردەدەست، هاوشێوەی مرۆڤەکانی نیاندێرتاڵ گرت و پاش دادگایی کردن لە دادگای تایبەتی تاوانەکانی سەرکردەکانی عێراق موحاکمە کرا و لە سێدارە درا. بەمشێوەیە ئەفسانەی نەبەزیی پاڵەوانەکەی عەرەب کۆتایی هات و جارێکی تر ئەو خاڵە جەوهەرییە مێژووییە سەلمێنرا کە درووشم هیچ بایەخێکی نییە مەگەر بۆ سازکردنی دراما فیلاوییەکان!!

نموونەی مێژوویی

ئەوەیکە باس کرا بەسەرهات و سەربوردەی ڕاستەقینەی گەورە حکوومەتە ئیدئۆلۆژیکەکان یان بەواتایەکی تر بەسەرهات و دەرەنجامی دیکتاتۆرەکانی زەمانەیە!!! بەڵام جیا لەم باسە کێشەی سەرەکی حکوومەتە ئیدئۆلۆژیکەکان چییە؟ ئایا ئەو بەسەرهاتەی کە وەک نموونە هێنامانەوە بۆ ئێران و حکومەتە زاڵەکەی وەڕاست دەگەڕێ؟ بۆ وەدەستهێنانی وڵامی ڕوون بۆ ئەم پرسیارانە پێویستە سەرەتا ئاوڕێکی وردتر لە مێژوو بدەینەوە: "سەردەمانێک یەکیەتی سۆڤییەت لەباری پێشکەوتنە سەربازییەکان و تێکنۆلۆژی سەردەم قسەی یەکەمی دەکرد و ئیدعای یەکەمی بێڕکابەری هەبوو، کاتێک کە هەواڵی ناردنی یەکەمین فەزاپێو لەلایەن شۆرەوییەوە بڵاو کرایەوە، ڕکەبەرە سەرسەختەکەی واتە ئامریکا سەری سووڕما، کاتێک کە بەهێزترین بۆمبی جیهان لەلایەن مۆسکۆوە تاقی کرایەوە، هەموو سیاسەتمەدار و ئەفسەرە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا دەمیان ماق مابوو، سەردەمانێک شۆڕەوی لە هەر شوێنێک بیویستبا کوودەتایەکی وەڕێ دەخست، ئایدیۆلۆژی شۆرەوی کە هەمان کۆمۆنیزم بوو نیوەی جیهانی تەنیبوویەوە بەڵام دۆخی ژیانی خەڵکەکەی لەوپەڕی شپرزەییدا بوو بەچەشنێک کە خەڵکی ئەم وڵاتە بەدوای پێداویستییەکی ڕۆژانەدا وەیلان بوون؛ ئەگەر بینینی وێنەیەکی یووری گاگارییەن بۆ خەڵکانی جیهان ببووە خەون و ئارەزوو، ئەوا خەڵکی شۆرەوی خەونیان بە سەرپەنا و خواردنێکی گەرمەوە دەبینی، چیدیکە داگیرکردنی پڕاگ و ڕێژەی سەربازەکانی ئەرتەشی سوور بەلایانەوە نەتەنیا گرینگ و سەرنجڕاکیش نەبوو بەڵکوو بە گاڵتەجاڕییەکی تەواویان دەزانی چوونکە ئەوان برسی بوون!! لە بەرامبەریشیاندا ڕکابەرەکەی شۆرەوی واتە ئامریکا کە جەمسەری دووهەمی جیهانی بەدەستەوە بوو چی دەکرد؟ ئەوان سەرەتا ئەم پێشکەوتنە بەرچاوانەیان نەبوو بەڵام لەبەرامبەردا کێشە ڕۆتینی و ڕۆژانەکانی خەڵکی شۆرەویشیان نەبوو؛ ئەوان بەدوای خواردن و جل و ماڵدا وەیلان نەبوون بەپێچەوانەوە هاوکات لەگەڵ بردنەسەری ئاستی پێشکەوتنە سەربازی و زانستییەکانیان هەوڵی بردنەسەری ئاستی ژیانی خەڵکەکەشیان دەدا؛ هەر لە بەرهەمەکانی وەک ماشین و کەلوپەلی ناو ماڵەوە بگرە تا دەگاتە خواردن و خواردنەوە و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی!

شۆڕەوی لەو کێبڕکێ سەخت و دژوار و پڕتێچووە کە لەگەڵ ئامریکا وەڕێی خستبوو، هیچ ڕێگەیەکی بۆ سەرکەوتن لەبەردەمدا نەمابوو جگە لە بردنەسەری کوالێتی بەرهەمە سەربازییەکانی، بەڵام ئەم مەسەلە وای لێکرد کە لە خەڵک و گوزەرانی خەڵکەکەی دوور بکەوێتەوە؛ بەکردەوە ئابووریی ناوخۆیی شۆڕەوی فەلەج ببوو، هەموو داهاتەکانی وڵات لە کەرتی سەربازیدا خەرج دەکران، هەموو جمکەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی چڕی دەزگاکانی "چکا" و "کاگێبێ"، تەواوی بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگییەکان گرێ درانەوە بە ئیدئۆلۆژی زاڵ و هەر شتێکی جیا لە دەسەڵات و باوەڕەکانی دەسەڵات وەلانران و هەول بۆ سڕینەوەیان درا.

چیرۆکێکی تاڵ بەڵام ئاشنا! ئەوەیکە لێرەدا وەک نموونە هێنامانەوە ڕەنگە بۆ تاکێکی ئوروپایی تەنیا داستان و چیرۆکێکی ڕاستەقینەی مێژوویی بێت، بەڵام بۆ خەڵکانی ئەو جوغرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێران نەک هەر چیرۆک نییە بەڵکوو کەتوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییە کە ڕۆژانە گەلانی نیشتەجێ لەو وڵاتە ئەزموونی دەکەن.

ئەوەیکە لە شۆڕەویدا بینرا و بەدوور نازانرێت کە لە ئێرانیشدا ببینرێت ئاکام و دەرەنجامی سیاسەتی دۆبڕ و نگریسی ئایدۆلۆژیایەک بوو بەناوی کۆمۆنیزم؛ ئێستە ئەو سێناریۆ بە ناوێکی دیکە کە بریتییە لە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهی هاتووەتەوە کایە و دەیهەوێ دووبارە ببێتەوە؛ بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ئەگەر شۆڕەوی کەسێکی ژیری وەک گۆرباچۆفی هەبوو کە بە تێزی "پرۆسترۆیکا" (ڕیفۆرمی ئابووری) و "گلاسنۆست" (کەشی کراوەی سیاسی) توانی وڵات لە چنگ وێرانی زیاتر ڕزگار بکا و لە ڕێڕەوی شەڕێکی ماڵوێرانکەر ڕزگاری بکا، ئێران خاوەن کەسێکی بیروشکی وەک خامنەییە کە هەموو ئاکارەکانی، نیشان لەوە دەدەن کە وڵاتی ئێران بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەری دیکە دەبات چوونکە بەبڕوای ئەوان و ڕێبەرەکەیان (خومەینی): "اقتصاد مال خر است" و "جنگ نعمتی است الهی"!.

شەڕی ئێران و ئامریکا!

لێرەدا و لەم سەروبەندەدا کە ئەگەری شەڕی ئێران و ئامریکا ڕۆژەڤی باسەکانە، بە دوور لەوەیکە ئایا ئەم شەڕە چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕوو دەدات یان نا؟، پێویستە وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە لە ئەگەری شەڕ، ئێران چی لی دێت؟ ئەگەر بمانهەوێ بە دیدێکی واقعبینانەوە لە مەسەلەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە بەکردەوە لە مەیدانی شەڕدا براوەی سەربازی شەڕێکی وەها لەپاش تێچوویەکی زۆر ئامریکا دەبێت؛ هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەم لەباری هێزی مرۆیی شارەزا و هەم لە بواری تێکنۆلۆژی سەربازی و باری لۆژستیکی، ئامریکا نەک لەبەرامبەر ئێراندا بەڵکوو لە ئاستی جیهانیدا پلەی یەکەمی هەیە (کۆی سەربازەکانی ئامریکا لە بەشی هێزی زەوینی، چەکدارە دەریاییەکان، هێزی دەریایی و هەوایی و گاردی ساحلی ١٤٠٠٠٠٠ کەسە کە هاوکات ١١٠٠٠٠٠ کەسیش وەک هێزی زەخیرە لەبەرچاو گیراوە، خاوەنی ٨٨٤٨ تانک، ٤١٠٦٢ زرێپۆشی شەڕکەر، ١٩٣٤ تۆپی خۆبەڕێوەبەر، ١٢٩٩ تۆپخانەی جووڵەکەر، ١٣٣١ سیستمی هەناردنی موشەک، ١٣٤٤٤ فڕۆکەی شەڕکەر، ٤١٥ ناوی فڕۆکەهەڵگر و شەڕکەر و ناوشکەن، ٧٥ ژێردەریایی و ٥٨١٠٠٠٠٠٠٠٠ دۆلار بودجەی بەرگری) [ ئەم ئامارانە هی ساڵی ٢٠١٦یە].

ئێستە ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە تەنانەت هیچ کام لەم فاکتەرانە نەتوانن شکست بە ئێران بدەن! دۆخی ئەم وڵاتە چی لێدێت؟ بەدڵنیاییەوە دووبارە ئێران دۆڕاوی مەیدانەکە دەبێت؛ بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە ٤٠ ساڵ شەڕی ساردی نێوان ئێران و ئامریکا بدەینەوە کە هەروا بەردەوامە. ئەگەر هەلومەرجی ئێستە و ٤٠ ساڵ لەوەوپێشی ئەم وڵاتە بکەینە پێوەری هەڵسەنگاندنەکەمان دەبینین کە تەنیا شتێک بۆ ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە، تلانەوە لە وەهم و خەیاڵی سەرکەوتنە کە ناوە بە ناوە بە ئاگرتێبەردانی ئاڵای ئامریکا لەلایەن پێڕەوانی ویلایەتەوە ئەنجام دەدرێت. ئەوەندە بەسە کە سەیری ٤٠ ساڵ لەوەپێش و ئێستەی وڵاتانێکی وەک کۆرەی باشوور، مالێزی، ئەندۆنیزی، سەنگاپوور، تورکیە و وڵاتانی کەنداو بکەین.

دواوتە

لە دنیای ئەمڕۆدا قسەی کۆتایی ئایدۆلۆژی نایکات کە سەرەنجامەکەی دەبێتە چارەنووسی سەدام و شۆڕەوی، بەڵکوو ئابووریی بەهێز و بوونی پێوەندیی درووست و سالم دەیکات؛ جیهانی ئەمڕۆ بۆ ئایدۆلۆژیگەلێک کە جگە لە توندوتیژی، ماڵوێرانی، دواکەوتوویی، هەژاری و بێکاری هیچ دیارییەکی تریان پێ نییە حیسابی تووریشی بۆ ناکات! وڵاتێک کە توانییێتی لەباری ئابوورییەوە خۆی ببوژێنێتەوە دەشتوانێ سەروەری خۆی بسەلمێنێت، لە غەیری ئەوە چیدیکە بیرۆکەی دژایەتی کردنی ڕۆژئاوا و پەلهاویشتن بۆ وڵاتانی ناوچە و تەراتێن کردن بەناوی هەناردەکردنی شۆڕش (کە کاکڵەی سیاسەتی فەرمی کۆماری ئیسلامییە) پێڕەوێکی نابێت و بە زبڵدانی مێژوو دەسپێردرێ.

# غەزەبی دیکتاتۆر

نەوید کەرەمی

سەرکۆمارەکانی ڕێژیمی ئێران لە دواساتەکانی حکوومەتەکەیان، دەکەونە بەر غەزەبی ڕێبەرەوە؛ خاڵێکی زۆر ورد کە لە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیمی ئێراندا بەردەوام دووپات بووەتەوە، غەزەب لێکردن و تۆمەتبارکردنی سەرکۆمارەکانی ئەو ڕێژیمەیە لە لایەن شەخسی ڕێبەری ڕێژیمەوە، چ ئەو کاتەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری ڕێژیم بووە و چ ئێستاش کە عەلی خامنەیی وەکوو کەسی یەکەمی ڕێژیم لەو وڵاتە لەسەر حوکمدایە.

لە وڵاتی ئێراندا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی شا، حیزبی "جمهوری" بە ڕێبەری ئایەتوڵڵا خومەینی بە کەڵکوەرگرتن لە مزگەوتەکان و فریودانی بیروڕای گشتی، توانی دەست بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا بگرێت و دەسەڵاتێکی ئەزموورنەکراو و نەناسراو لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.

بەڵام لەو ڕێژیمە تازەیەدا کە پێوانەی هاتنەسەرکاری حکوومەتەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک پێناسە کراوە، دەسەڵاتێکی ماوەرایی و هەمیشەیی کە شەرعیەتەکەی لە ئاسمانەوە وەردەگرێت و نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، لە سەرووی هەموو دەسەڵات و یاسا حکوومەتییەکانەوە دانراوە و هەمیشە قسەی کۆتایی لە لایەن ئەو زاتەوە دەردەچێت.

بەم جۆرە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە هەتاکوو ئێستا شێوە بەڕێوەبەرییەکی زۆر ناتەبا و پڕکێشە، ئاژاوەگێڕ و یاساشکێن دەستی بەسەر وڵاتی ئێراندا گرتووە و بە چەوساندنەوە، نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران لە لایەک بەردەوام خەڵکانی ئێرانی کردووەتە دوژمنی یەکدی و لە لایەکی دیکەشەوە، بە زێدەخوازی، ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردان و تیرۆرە نێودەوڵەتییەکانی دوژمنایەتی هەموو جیهانی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی بۆ خۆی کڕیوە و نرخ و بایەخی هاوڵاتییانی ئێرانی لە جیهاندا بێبایەخ و بێ متمانە کردووە.

لەو وڵاتەدا، ئەگەرچی لە ڕواڵەتێکی فریوکارانەدا حکوومەتە بەناو هەڵبژێردراوە خەڵکییەکان بەڕێوەبەری کاروبار و سیاسەتی وڵاتن، بەڵام لە ڕاستیدا هەم حکوومەتەکان و هەمیش هەموو هێزی چەکداری وڵات کە دەبوو لەژێر فەرمانی حکوومەت و ئەرکی پاراستنی هاووڵاتییان و دابینکردنی ئەمنییەت و تەناهییان لە ئەستۆدا بێت، بەپێچەوانەوە هەموو هێزی چەکدار ڕاستەوخۆ لەژێر بڕیاری وەلی فەقیهدایە و ئەرکی پاراستن و پەرەدان و جێبەجێکردنی خواست و ئامانج و ئارمانەکانی وەلی فەقیە و دەسەڵاتە ئاسمانییەکەیەتی.

لەو پێوەندییەدا بە دەیان جار و بەردەوام هەموو جیهان و خەڵکی ئێران، شاهیدی بەرەنگاربوونەوەیەکی بێبەزەییانە و کوشتاری نامرۆڤانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، قوتابیان، بازاڕییانی ناڕازی و ... هتدی ئێران بەدەستی ئەو هێزانەی ویلایەت بوون، کە لە سەرکوتکردنی خەڵکانی ئێران یان لەنێوبردنی نەیارانی ویلایەت لە هیچ جۆرە جینایەت و دڕندەییەک دەستیان نەپاراستووە و هیچ یاسا و سنوورێکی نێونەتەوەییان لەبەرچاو نەگرتووە.

سەرکۆمارەکانی ئەو ڕێژیمە کە خۆیان لە مۆرە هەرە موخلیس و وەفادارەکانی ویلایەت و تەنانەت هەندێکیشیان دامەزرێنەران یان سەرباز و تیرۆریستانی خوێنڕێژی ئەو ڕێژیمە بوون، پاش ئەوەیکە لە ئاکامی گەمەی هەڵبژاردنە ڕواڵەتییانەکانی ئێران، وەک براوە ناویان لە سندووقەکانی ڕێژیمدا دێتەدەر، پاش چەندین ساڵ دانیشتن لەسەر کورسی سەرکۆماری، ئەوجا هێدی‌هێدی کە خۆیان لەبەرانبەر ئەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانی و قەیرانانەی وڵات بێدەسەڵات دەزانن و لە وڵامی داواکاری و پرسیار و گوشارەکانی خەڵک ڕوو لە کۆمەڵگا دەست دەدەنە بەڵێن و وادەی بێبنەما و پووچ بە خەڵک، کە ئەمە دەکەن و ئەوە دەکەن و هەموو کێشەکان چارەسەر دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچکات و پاش بەڵێنی هیچیەک لە سەرکۆمارەکان هەتاکوو ئێستا نە لە ئازارەکانی خەڵک کەم بووەتوە نە کێشەکان چارەسەر کراون و نە ئێران ئازاد بووە.

هەندێک لە سەرکۆمارەکانی ئەو وڵاتە وەک خاتەمی جا بۆ پاکانەی خۆی بێت یان با بڵەین لە بوێری، دان بەوە دەنێت کە تەنیا وەک چاپەزی وەلی فەقیە بووە و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ئیجرایی نەبووە، هەندێکی دیکە یان خۆشیان لە ساڵانی حوکمڕانییەکەیان ئەوەندە لە گەندەڵییەکانەوە تێوەدەگلێن کە بێدەنگ دەبن یان هەرکات قسەیەکیش بکەن بە دەیان پەروەندەی گەندەڵی، دزی و ... لە دەسەڵاتەکەی سەرهەڵدەدەن و هەموو وەزن و ماهیەتی نەک هەر نامێنێت و بەڵکوو دەبێت بە هیچ.

ئەو کاتەش کە وەلی فەقیە بۆ بەڕێکردنی خۆی لە هەرجۆرە گوناح و کەموکوڕییەک، هەموو گەندەڵی، کەمکاری، دزی و... هتد، دەخاتە ئەستۆی ئەو سەرکۆمارانە، لەو دەیان میلیۆن دەنگەی لە بەناو ئەو کەسانەیان وەکوو سەرکۆمار بۆ بەڕێوەبەری حکوومەتی وڵاتەکەیان هەڵبژاردوون نەک هەر متەقێک نایەت و بگرە پشتیشی لێ دەکەن.

بەمشێوەیە وەلی فەقیە لەو ڕێژیمەدا هەتاکوو ئێستا ئەگەرچی سەرچاوە و بەرپرسیاری یەکەمی هەموو کێشەکانی ئێران و مایەی نەهامەتی، هەژاری و بەدبەختی هەموو خەڵکی ئێرانە، بەو هەڵسوکەوتە فریودەرانەیە، خۆی لە کێشە و گوناحەکان بەرێ کردووە و بەردەوام سەرکۆمار و بەڕێوەبەرانی حکوومەتەکانی ئێرانی کردووەتە قوربانی و قەڵغانی خۆی، بەڵام وادیارە خامنەیی کە باس لە لابردنی سیستمی پارلمانی لە ئێراندا دەکات، لەو گەمە کۆنەیە ماندوو بووە و بە نیازە هەتاکوو لە پێناو درێژەدان بە دەسەڵاتە ئاسمانییەکەی و هەتاهەتایی کردنی ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی، ئەمجارە بە یەکجاری یاسای سەرکۆماری و پارلمانی لە ئێراندا وەکوو سەرچاوەی هەموو نەهامەتی، سنووربەزاندن، تیرۆر، دەستڕێژی و ... هتدەکان بناسێنێت و بە دانانی ماسکێکی دیکە بەسەر دەموچاوی ڕێژیمەکەی لەگەڵ ئامریکادا دەستی دۆستی بدات، یان بە وەلانانی سیستمی بەناو خەڵکی لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بە یەکجاری ببێتە خودا و حوکمی خودایی و ئاسمانی دەستپێبکات و بەمشێوە لە سیمایەکی نوێدا درێژە بە تەمەنی پڕفری و پڕشووڕەیی دەسەڵاتەکەی بدات بەڵام ئایا خەڵکی ئێران ئەو هەموو بێڕێزی و درۆ و بۆختانە قەبووڵ دەکەن؟

# تێکشکانی پرێستیژی سەرکۆماری و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم

**کەیوان دروودی**



ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە پەیڕەوکردنی سیستمی ویلایەتیی فەقیهی، کۆمەڵێک ئۆرگان و پۆستی کارتۆنیی داناوە کە هیچکام بەپێی ئەو ئەرکەی کە هەیبێ یان دەشێت هەیبێ، دەسەڵاتی پێ نەدراوە. هەربۆیەش ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە پاش چل ساڵ پەیڕەوکردنی سیستمی تایبەتی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوە و لەڕووی پرێستیژەوە تووشی تێکشکان بووە. وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم لە ڕێگەی باڵوێزخانەکانییەوە دەیان پیلانی تیرۆری بەڕێوە بردووە و ئەمەش بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی زۆربەی وڵاتانی ناوچە و جیهان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەگەر بە هەر هۆکارێک، تا ئەمڕۆ ئەم جۆرە سیاسەتە وڵامدەر بووە و بە جۆرێک تەمەنی دەسەڵاتی تەزمین کردووە، ئەوە بەپێی ئاڵوگۆڕە نوێیەکان لە ئەمڕۆ بەدواوە بە وەرچەرخانێک، لە خۆیدا دەبێتە خاڵێکی لاواز بۆ گشتایەتیی ڕێژیم.

ئەگەر بۆ دەسنیشان کردنی سەرکۆمار بە کایەی ئیسلاحات خەڵک هێنراوەتە سەر سندووق، ئیتر ئەم سیاسەتە ماوەی بەسەر چووە و ناتوانێ کارکردی پێشووی هەبێ.

ئەم تێکشکانە بۆ خودی مۆرە دەسنیشانکراوەکانی ڕێژیم لەم دوو بەش _ لە سەرووترین ئاستەکاندا_ دەرکەوتووە و دانی پێدانراوە. لە ماوەی ڕابردوودا و بە سەردانی بەشار ئەسەد بۆ تاران، موحەممەد جەوادی زەریف داوای کشانەوەی خۆی بە ڕاشکاوی و ڕوو لە ڕای گشتی بڵاو کردەوە و بەمەش ناڕاستەوخۆ نیشانی دا کە ئاستی شیاویەتیی بەپێی ئەرکەکانی نزمە و ئەمەش بە جۆرێ توانجێک بوو لە خامنەیی تا هێزی خۆی لە بەرامبەریدا دەربخات و جارێکیتر بەبیری بێنێتەوە کە ئەگەر دەتهەوێ لەم قۆناغەدا قوتار بی، دەبێ شیاویەتیی زیاتر بۆ پلەی وەزیری دەرەوە قایل بی. خامنەیی بەڕوونی لەم پەیڤە تێگەیشت و ڕاستەوخۆ داوای هاتنەوە سەرکاری زەریفی کرد، ئەگەرچی هەوڵی دا ئەم داوایە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر ناچاری بوو لە دووتوێی مەسڵەحەت و ناسکیی هەلومەرجدا دەرببڕێ. وەک بینرا بەهاتنەوە سەرکاری زەریف نەک هەر کێشەکان چارەسەر نەبوون، بەڵکوو بەرەو قووڵایی زیاتر ڕۆیشتن.

ئەوانەی کەسێتیی ئوتۆریتاریانیستی خامنەیی دەناسن، دەزانن کە ناوبراو باوەڕێکی نەگۆڕی بە تیۆریی "هاوسەنگیی هەڕەشە" هەیە. هەربۆیەش چەندین هێرشی جیاجیا کرایە سەر هاوپەیمانانی ئامریکا لە ناوچەکە و دواتر زانیارییەکان دەریخست کە هەموو ئەم هێرشانە ڕاستەوخۆ بە فەرمانی سپای تێرۆریستیی قودس جێبەجێ کراون. ئەمەش وای کرد کە سەردانەکانی زەریف بکەوێتە ژێر باندۆڕی نێگەتیڤی نەخشەڕێگای خامنەیی و سپای پاسداران و لێدوان و داواکارییەکانی بەهێند وەرنەگیردرێ. هەر لە حەفتەی ڕابردوودا، خستنەڕووی ڕەشنووسی پلانی "پێشگرتن لە دەسدرێژی"یی چەندلایەنە بۆ وڵاتانی کەنداو لەلایەن زەریفەوە هیچ وڵامێکی نەبوو. بەدڵنیاییەوە بەپێی ڕەوتە، بەکردەوە هەنگاوەکانی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم لە داهاتوو لەوەی هەیە، لاوازتر دەکرێت. هەر لەم چەند ڕۆژەدا خامنەیی بۆ پاساوهێنانەوە سەبارەت بە بەرجام وتی کە "من پێش لە ڕێککەوتن تێبینی و ئامۆژگارییەکانم پێشکەش کردووە و باسم لە جۆری ڕێککەوتن کردووە و ئەگەر ئەو خاڵانە لەبەرچاو نەگیراون، ئەوە ئەرکی ڕێبەری نییە کە پێش بە ڕێککەوتن بگرێ". ڕوونە کە ڕێککەوتنیکی نێودەوڵەتی هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەتەک ڕێککەوتن لە نێوان بەیتی ڕێبەری و دەزگای قەزایی بۆ شاردنەوەی دۆسیەی تیرۆر و دزییە ئاشکرا و شاراوەکانی ناوخۆ نییە، هەتا بکرێ بە تێبینی و ئامۆژگاریی "ڕێبەر" یەکلایی بکرێتەوە. خامنەیی دەبێ هەم ڕێککەوتن بکات و هەم ئاگای لە کاراکتەری ڕێبەر وەکوو [cult of personality] هەبێ. کاراکتەرێک کە بە گۆپاڵی پرۆپاگاندای ڕاگەیاندن و سانتاژی سیاسی ڕاگیراوە.

هەوڵی ڕاگرتنی ئەم پیرۆزییە لێکەوتەی قورسی بۆ پۆستی سەرکۆماری و وەزارەتی دەرەوە هەبووە. ئەم کاریگەرییە تا شوێنێ بووە کە زەریف ناچار بوو لە وتارەکانیدا لە ئامریکا بڵێ "من بە ئیختیارەوە هاتووم". ئەم وتەیە بۆ وەزیری دەرەوە کە لە حاڵەتی _ باو و نۆرماڵدا _ بەرزترین پلەی سیاسەتی دەرەکی ئەژمار دەکرێ زۆر نامۆیە و نیشان دەدات کە خودی زەریف هەستی بە لەقبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی وەزارەتەکەی کردووە. وەک دەزانین دەسپێکردنی چالاکیی ئەتۆمی، ڕێککەوتنی بەرجام و مانەوە لەو ڕێککەوتنە هەروەها هەڵسپاردنی پەیمانی پالەرمۆ هەر هەموو ڕاستەوخۆ بە فەرمانی عەلی خامنەیی بووە. پێش لە بەرجام و هاوکات لەتەک ئەوەی ناوبراو لە وتارەکانی هەینیدا هەڕەشەی لە ئیدارەی سەرکۆماری پێشووی ئامریکا دەکرد، موحەممەد جەوادی زەریف لە عومان خەریکی وتووێژێکی چڕوپڕ بوو بەمەبەستی ئەو لێکتێگەیشتنەی کە لە کۆتاییدا بەرجامی لێکەوتەوە. سەیر ئەوە بوو کە هەتا ئاشکراکردنی دانیشتنەکان و دەسپێکردنی پرۆسەی ڕێککەوتن، بە هەر هەنگاوێ کە ئەم دانیشتنانە بەرەو ئەنجام دەچووە پێش، هەڕەشەکانی خامنەیی توندتر و ئەدەبیاتی هێرشبەرانەتر دەبوو و ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە وردەوردە ترسی هێرشی نیزامیی لا کاڵتر ئەبێتەوە.

کاراکتەری ڕێبەری (وەلی فەقیە) لەسەر بنەمای سیستمی بەهێزی/لاوازی یان فەرماندەر/ فەرمانبەر ڕەفتار دەکات و هەر بۆیەش دەبینین لەم ڕۆژانەی کە ئامریکا هێزی لە ناوچەکەیە، پێداگرە لەسەر مانەوە لە بەرجام و کەمترین جموجۆڵ و هەڕەشەی لەسەر ئامریکا نییە و تۆڵەی ئەم لاوازییە لە وڵاتێ وەکوو ئیمارات دەکاتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ناوبراو پێش لە کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام باسی لە ئاگرتێبەردانی ئەو ڕێککەوتنە دەکرد بەڵام بە جیدییەتی ئیدارەی ترامپ پاشەکشەی کرد و ئێستاش بە ناردنی وەزیری دەرەوە بۆ گەشتێکی جیهانی بەدوای ڕزگارکردنی دەسەڵاتەکەی لە هەڕەشەکانی ڕۆژاوایە؛ واتە تەنیا کاتێ جەوادی زەریف دێتە کایەوە کە ریسکی سەرکەوتن زۆر بێت یان لە ئەگەری سەرکەوتندا، ڕاگرتنی زۆر سەخت بێت. لەم حاڵەتەدا کە زۆرینەی وڵاتان ناڕاستەوخۆ بەرەی ئامریکایان بۆ خۆیان دیاری کردووە و بە کردەوە، کارکردی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم لەبەر درێژەی دەستێوەردان و هەڕەشەی سپای تێرۆریستیی پاسداران، گۆڕانی نێگەتیڤی بەسەردا هاتووە، ئەوجار زەریف ئەرکدار دەکرێ بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو سەرەڕۆییانەی کە بەیتی ڕێبەر و سپای پاسداران ئەنجامیان داوە.

ئەم قەیرانە لەسەر سەرکۆماریش دیارە و دەبینین کە لەم ڕۆژانەدا کە قەیران تەنگی بە ڕێژیم و ژیانی خەڵک هەڵچنیوە؛ نووکی ڕمبەکان ڕوو لە ڕۆحانی و بەناو دەوڵەت ڕاگیراون و ڕاگەیاندنەکان بە پۆمپاژی وتەکانی خامنەیی؛ کلیلەوشەی "بەرپرسان" دووبارە دەکەنەوە. بەرپرسێ کە وێڕای تێوەگلانی بە سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامی، دەسەڵاتی ئەوەندەیە کە بە وتەی خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتی "چەکدار"دا داهێزاوە.

دەوڵەتی چەکداری ناوخۆ و دەوڵەتی چەکداری دەرەوە ئەو دوو کۆسپەی بەردەم ڕۆحانی و زەریفن کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جێگەیان پێ لێژتر دەکەن بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی ئەو دوو پۆستە بۆ بەیتی ڕێبەری گرینگیی خۆی هەیە. قەڵغانێ بە ناوی سەرکۆمار بۆ ئەوەی لە کورتهێنانی بوودجەوە هەتا لافای وەئەستۆدا بهێنرێ و وەزیرێکی دەرەوە بۆ ئەوەی لێکەوتەی ئیزۆلاسیۆنی ناوچەیی و هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی وەپاڵ بخرێ. گرینگتر لەوانەش ئەوەی کە ئەو دوو کەسە، کەسانی وەکوو ڕۆحانی و زەریف بن کە هەموو پلە ئەمنییەتی و هەواڵگرییەکانیان بۆ گەیشتن بەو پلە و شوێنە تێپەڕاندووە و بەو بارتەقایەش لە تاوانەکاندا تێوەگلاون و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ خاڵی دەسپێک. هەربۆیەش دەبێ سەرەڕای مل ڕاوەشاندنیان بە مەبەستی دەسخستنی دەسەڵات و دارایی زیاتر لە کۆتاییدا ملکەچ بن و درێژە بە پراکتیزە کردنی فەرمانەکانی بەیتی ڕێبەری بدەن. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێگە بۆ کەسنەزان دەڕوات و ئایدیۆلۆژیای بەرتەسک و سیستمی داخراو و پیرۆزکراو ڕێگە بە تۆلێرانس و گۆڕینی جۆری سیاسەت بەپێی بارودۆخەکان نادات و پێدەچێ لە داهاتوودا ئەم گرفتە ببێتە هۆی قەیرانێکی گەورەی ناوخۆیی لە ناو بازنەی سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا.

# یاساکان تەنیا لە ڕواڵەتدا ڕەنگ وبۆنێکی ژنانەیان هەیە



**ئاسۆ مینبەری**

کۆمەڵایەتی بوونی سروشتی مرۆڤ وا دەکات کە تاکەکان پاش ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیان، هەوڵی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ بدەن، بۆیە تاکەکان پرۆسەی دەستپێکردنی ژیانی هاوبەش لە بەر دەگرن و بە دەستپێکردنی ژیانێکی هاوبەش هەوڵی گەیشتن بە ئارامییەکی دەروونی دەدەن.

دۆخی ژیان و کۆمەڵگا و ئەو فاکتەرانەی کە لە سەر شێوازی ژیان کاریگەرییان هەیە زۆربەی کاتەکان کۆسپی گەورە دەخەنە سەر ڕێگەی ژیانی تاکەکان و وادەکەن کە نەک ئارامییەکی دەروونی هەست پێ نەکەن، بەپێچەوانەوە ژیانیان لێ تاڵ دەکەن و بەرەو لای ناڕەزایەتی، خەمۆکی و لە هەندێ حاڵەتیشدا بڕیاری کۆتاییهێنان بە ژیانیان دەبەن.

کۆمەڵگای ئێران یەکێک لەو کۆمەڵگایانەیە کە بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئاخێندراوە، یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و ئاستی هەژاریی تاکەکان دەگەڕێتەوە کە بەتایبەت لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و پاش هاتنەدەرەوەی یەک لایەنەی ئامریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام و وەگەڕخرانەوەی گەمارۆکان بە دژی ڕێژیمی ئێران و هەروەها چوونەدەرەوەی وڵاتەکانی دیکە لە ئێران ئەم دۆخە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر بووە.

سەقامگیرنەبوونی ئابووریی کۆمەڵگا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاکانە کە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤەکانیش تووشی ئاڵۆزی دەکات و ئەبێتە هۆکارێکی گرینگ و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری سەرەکی بۆ تێکچوونی شیرازەی بنەماڵەکان و لە ئاکامدا ڕێژەی جیابوونەوە یان تەڵاق لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە.

لە یاساکانی ئێراندا وەکوو یاسا یان عورفی دیاریکراوی کۆمەڵگا مارەیی بۆ ژنان دیاری کراوە و ژنان هەر کات بیانهەوێ ئەتوانن ئەو مارەییە لە مێردەکانیان وەربگرن چونکە مارەیی بە مەرجی "عندالمطالبە" بوون بە ژن دەدرێت (بەو واتایە کە هەرکات بیهەوێ ئەتوانی وەریبگرێت)، هەرچەند کە لە ئەساسدا دیاریکردنی مارەیی وەکوو مامەڵەکردنێک دێتە پێش چاو (چونکە ڕێک وەکوو ئەوەیە کە بڵێی ژن+مارەیی+ زێڕ و ...= پیاو) بەڵام لە یاساکانی ئێراندا وا باس کراوە کە دیاریکردنی مارەیی بەو مەبەستەیە کە ژنان لە ئەگەری جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان پاڵپشتێکی ماڵییان هەبێت و بتوانن ژیانی خۆیان بەبێ کێشە بە سەر بەرن.

دیارە کە باس کردن لە بوونی پاڵپشتی ماڵی بە دانانی مارەیی پاساوهێنانەوەیەک بۆ کۆیلەبوونی ژنان لە بەرانبەر یاساکانی دیکە وەکوو توانایی پیاو بۆ هاوسەرگیریگەلی دووبارە و تەنانەت سێغە کردن و هەروەها ئیزنی تەڵاق بۆ پیاوانە کە لە یاساکانیشدا ڕێگە پێدراوە، چونکە کێشەی ماڵی ژنان پاش جیابوونەوە یەکێک لە گرینگترینی ئەو باسانەیە کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا ئەبێ وەکوو باسە گرینگەکانی دیکەی کۆمەڵگا چاوی لێ بکرێت، بەو واتایە کە ژنان وەکوو توێژێکی گرینگ و بەرچاوی کۆمەڵگا، ئەبێ دەرفەتی ژیانی دووبارەیان پێ بدرێت و یاساکانی کۆمەڵگا ئازادیی زۆرتریان پێ ببەخشن نەک ئەوەی کە خۆیان ببنە ڕێگر بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنیان.

لە کۆمەڵگای ئێراندا و لە چوارچێوەی یاساکاندا ژنان سەرەڕای ئەوەیکە مارەییان بۆ دانراوە و وەک پێشتر باس کرا، ئەم مارەییە مافێکی "عندالمطالبە"یە و دەتوانن هەر کات کە ویستیان وەری بگرن بەڵام بۆ وەرگرتنی لەگەڵ کێشەگەلی زۆر جیدی بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەگەر ژن لە ژیان بێزار بێت و داوای جیابوونەوە بکات، یاسا مارەیی پێ نادات و هەندێ جاریش هاوسەرەکانیان بە فێڵ کردن و شاردنەوەی سامان و پارەکەی خۆیان و ناساندنی خۆیان وەکوو کەسێکی "معسر" یان مایەپووچ ، خۆیان لە دانی مارەییەکە دەدزنەوە هەر بۆیە هیچ ڕێگایەک نامێنێتەوە جگە لەوەیکە ژنی هەژاریش یان چاو لە مارەییەکەی بپۆشێ و بڵێ " مهرم حلال - جونم آزاد" یان ئەوەیکە سکاڵا تۆمار بکات و هاوسەرەکەی بخاتە زیندانەوە تاکوو بەپێی توانایی ماڵیی دیاریکراوی هاوسەرەکەی لە لایەن دادگاوە مارەییەکەی دابەش بکرێت و مانگانە وەری بگرێت کە ئەمە پرۆسەیەکی چەند ساڵە دەگرێتەوە کە جیا لەوەی، ئەو ژنە یان ئەو پیاوەش ژیانی خۆیان بە شێوەیە لە دەست دەدەن، پارەکەش ئەوەندە نابێت کە ببێتە پاڵپشتێکی ماڵی بۆ ئەو ژنە و بتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیبراهیم ڕەئیسی، بەرپرسی هێزی بەناوادادوەریی ڕێژیمی ئێران، لە لێدوانێکدا باسی لە بابەتێک کرد کە لە ڕاستای هەموو ستەمە ڕەگەزییەکانی بەرانبەر بە ژناندا، ڕێگەخۆشکەر بۆ پێشێلکردنی زیاتری مافی ژنانە، هەڵبەت ئەو مافەی کە دەسەڵاتداران خۆیان بۆیان دیاری کردوون. ئیبراهیم ڕەئیسی لەو لێدوانەدا وتی: "لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مەراجعی تەقلید لە شاری قۆم، باسمان لە زیندانیانی مارەیی کرد بۆ ئەوەی کەسانێک کە لە بواری ماڵییەوە وەکوو "معسر" یان مایەپووچ دەناسرێنەوە و توانایی دانی مارەییان نییە لە زیندانـدا نەمێننـەوە." کە ئەمە ناڕەزایەتیی زۆر کەس لە چالاکانی بواری ژنانیشی لێکەوتەوە.

بە پێی قسەکانی ڕەئیسی تەنیا هیوایەک کە بۆ ژنان بە نیسبەت وەرگرتنی مارەییەکەیانەوە هەیانبوو لە دەست دەچێت و ئەمەش پێشێلکردنی مافی ژنان بەئەژمار دێت، کە زۆربەی کاتەکانیش هەر ئەو پیاوانە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کارە بە ئەسیدپاشی و هەڕەشەی کوشتن یان وەرگرتنی سەرپەرشتیی منداڵەکانیان، ژنان بەو قەناعەتە دەگەیەنن کە لەو مافە دیاریکراوەش کە دیسان هەر لە ڕێگەی پیاوانەوە داڕێژراوە دەست هەڵگرن؛ لە ڕاستیدا زۆرینەی یاسا پێوەندیدارەکان بە ژنان و پیاوان یان پارێزەری مافی پیاوانن یان ئەگەر ژنان مافێکیشیان هەبێت لە دواییدا لەڕێگەی یاساگەلێکی دیکەوە فەرامۆش دەکرێن یان دەگۆڕدرێن.

ڕاستییەکە ئەمەیە کە یاساکان تەنیا لە ڕواڵەتدا ڕەنگ و بۆنێکی ژنانەیان هەیە و زۆرتر بە قازانجی پیاوانن، بەواتایەکی تر دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیم لە جیاتی وەرگرتن و پاراستنی مافی ژنان، خەریکی پاراستنی مافی پیاوان لە ڕێگەی پێشێلکردنی مافی ژنانە .

# حکوومەتی ئێران
# بیری لە گۆڕینی ڕەفتاری سیاسیی خۆی نەکردۆتەوە!



محەممەد سلێمانی

حکوومەتی ئەمریکا و ئێران پەیوەندییەکی ئاڵۆزی سیاسی و مێژوویەکی ناخۆشیان لەگەڵ یەکدا هەیە و چاوەڕوان ناکرێ بە یەك یان چەند کۆبوونەوە، کۆتایی بە کۆی ئەو بارگرژییەی نێوانیان بێت. ڕیشەی ئەو ناکۆکییانە بۆ سەردەمی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخوندەکان دەگەڕێتەوە. کۆشکی سپی، ڕێژیمی تیرۆریستی ئێرانی لە ڕووی سیاسی، ئابووری و بازرگانییەوە بەتەواوی دەور داوە و ئەو ڕووداوەش کاریگەری لەسەر بەرتەسکبوونەوەی هێژمۆنی ئەو وڵاتە دەبێ. ئامانج لەو کردارەی ئەمریکا لەهەمبەر ئێراندا، لاوازکردنی کەرتی ئابووری و بازرگانی ڕێژیمە و بەو ڕێگایەدا باڵی سەربازی سپای پاسداران و هاوقۆڵەکانی، بخاتە ژێر گەمارۆی بەرچاوتر و تێچووی ئەوتۆی لە بەردەستدا نەمێنێت هەتا پێویستییە سیاسی و سەربازییەکانی دابین بکات.

سیاسەتی تازەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە خۆی لە ستراتیژی نوێ بەدژی ئێراندا پێناسە دەکا، سەرەتا بەرێگرتن لە سەرچاوە داراییەکانی تاران، سیستمی ئابووری بەتەواوی بەرەو دارمان ببات کە بێگومان ئەو بڕیارەی واشنگتۆن کاریگەری لەسەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتە داناوە و گەلانی پێکهێنەری ئێران لە هەموو وەختێك زیاتر هەست بە بێزاری دەکەن. هەر وڵاتێك کە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوچاری دارمان دەبێ، زەمینەی سەرهەڵدانی بێزاری و نارەزایەتییەکانی خەڵك دەرفەتی باشتری بۆ پێك دێنێ کە نارەزایەتییەکان بەڕێگای خەباتی جەماوەریدا بەشێوەیەکی بەرفراوان گەشە بکا. قەیرانی دارایی لە سایەی حکوومەتی ئاخوندیدا فشاری فرەی خستۆتە سەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان کە بە دژواری بتوانن ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەکانیان دابین بکەن. لەماوەی گەمارۆ سەپێنراوەکانی سەر تاراندا، گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی بەرچاوتر بووە و، بۆتە مەترسییەکی گەورە لەسەر تێکچوونی ئاسایشی وڵات. ئەو ڕووداوەش بە نۆبەی خۆی شوێنەواری قووڵی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی و گۆڕانکاری بنەڕەتی دەبێ و لە ئاکامدا خەڵك و دەسەڵات زیاتر لێك دوور دەکەونەوە و ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەن.

پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هەتا دێ زیاتر قووڵ دەبنەوە و بارگرژییە سیاسییەکانیان بە ئاستێك لە کێشە و ململانێ گەیشتووە کە قسە لە بەرکەوتنی سەربازیش وەك ئەگەرێك لە سەر مێزی بڕیاری سیاسی لانەبراوە. ئێران بەتەنیا لەگەڵ ئەمریکادا کێشەی نییە و بەڵکوو بۆتە سەرچاوەی مەترسی لە سەر ئاسایشی بەشێك لە وڵاتانی ناوچە. حکوومەتی ئاخوندی دژایەتی لەگەڵ هێژمۆنی زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسراییلدا هەیە. ئاشتی و دۆستایەتی ئەو چەند وڵاتەی ئاماژە پێکراوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پێکەوە هەیە و کاتێك هەر لایەك هەنگاوێك لە حکوومەتی ئێران نزیك ببێتەوە، لانیکەم دەبێ ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو لایەك بێ و تێیدا ڕەچاوی قازانج و بەرژەوەندی گشتی بکرێ. کەوابوو ئێران هەرگیز ناتوانێ لەو پەیوەندییەدا بە خۆیدا بچێتەوە و ڕفتاری سیاسی خۆی بگۆڕێ و ڕێز لە سەروەری وڵاتانی دەوروبەر بگرێ.

سیاسەتی هێژمۆنیخوازی ئێران گەورەترین مەترسی لە سەر ئاسایشی وڵاتانی دەوروبەر دروستکردووە و چاوەڕوانیش ناکرێ بەو زوویانە ڕفتار و سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر کۆی قەیرانەکاندا بگۆڕن.

دانڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێك سەردانی ژاپۆنی کرد ڕایگەیاند: "حکوومەتی ئەمریکا نیازی گۆڕینی دەسەڵاتی تارانی نییە و ئەو وڵاتە هەر بەو ڕێبەرییەش دەتوانێ پێشکەوتوو بێت". جەوهەری بنەڕەتی ئەو قسەیە دروست ئەو شتە نییە کە زۆر لە سیاسییەکان لێکدانەوەیان بۆ کردووە و پێیانوایە ئەمریکا بە هەر جۆرێك بێ لەگەڵ ئێران ڕێك دەکەوێ و چاوپۆشی لە خاڵ و مەرجە پێشوەختەکانی دەکا. کاتێك ئەو ڕێبەرییە دەرفەتی مانەوەی لەسەر دەسەڵات پێدەدرێت کە ببێتە پاشکۆی سیاسەتی ئەمریکا و چیتر دژی بەرژەوەندی و باڵادەستی ڕۆژئاوا خۆی دەرنەخات. ترامپ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێران شێواز و تاکتیکی سیاسی و دیپلۆماسی ئەوتۆ ڕەچاو دەکات، کە سبەی گلەیی ڕابردوویان لێنەکرێ کە ڕۆژئاوا کێشەکانی بە هێز لەگەڵ نەیارەکانیدا یەکلایی دەکاتەوە.

ئەمریکا ئەزموونی تاڵ و ناخۆشی لە دوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان وەرگرتووە کە بەو جۆرە لەگەڵ ئێران نەجووڵێتەوە و کارێك بکات کە کۆدەنگی نێونەتەوەیی بەدژی ڕێژیمی تاران لەسەر ئاستی گێتیدا ڕێکبخات و کاتێك هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە، دۆستەکانی لێی دوور نەکەونەوە و پشتیوانی ئەو سیاسەتەی لەهەمبەر ئێراندا لێبکەن.

ئەگەر تۆزێك بەوردی سەرنج بخەینە سەر قسە و لێدوانی بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی نێو بازنەی حوکمڕانی لە کۆشکی سپی، ئەوکات لەو ڕاستییە دەگەین کە حکوومەتی ئەمریکا بە زمانێکی سەلیم و هێور سەبارەت بە ئاریشە و تەنگەژەکانی لەگەڵ تاراندا دەدوێ و بەڕاشکاوی باسی کردەوەی سەربازی وەك بژادەی یەکلاکەرەوەی کێشەکان نەکردووە، بەڵام هێماکان و جووڵەی سەربازی و چالاکییەکانیان لەسەر ئاستی دونیا و ناوچەییدا بەتەواوی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی ئێراندا، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژیمی ئاخوندی بە سانایی پێبەندی ئەو مەرجانە نابێت کە ئەمریکا بۆی دابنێ!.

کۆکردنەوەی هێزی سەربازی زۆر لە سەر سنووره ئاوی و وشکانییەکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی ڕابردوودا، کە چاوەڕوانیش دەکرێ ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بەرێژەیەکی زیاتریش بەرزبکاتەوە، بێگومان هەر لەخۆوە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ستراتیژی سیاسی کارێکی لەو چەشنە ئیمکانی نییە بەڵکوو ئەمریکا هەوڵ دەدات پێگەی سیاسی و سەربازی خۆی بەهێز بکاتەوە. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو لە زۆر وڵات و هەرێمی گرینگ و ستراتیژی پاشەکشەی پێکراو و هێژمۆنی بەسەر زۆر وڵاتدا لە دەستدا و تاران بوو بەجێگرەوەی نفووزی ئەمریکا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

ڕێژیمی ئاخوندی لە مێژووی چل ساڵ حاکمییەتی سیاسی و سەربازی بەسەر گەلانی ئێراندا، هەرگیز بە شکڵی ئێستا نەکەوتۆتە ژێر گوشاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە بە هۆی سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستێوەردانە نێو کاروباری وڵاتانی تری ناوچەیی و هاندانیان بەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ئیسراییل و سعوودیە، توشی دارووخانێکی گەورە هاتووە.

کەرتی ئابووری و بازرگانی ئێران بەدوای دەورەی دووهەمی گەمارۆکانی ئەمریکا، زیانی گەورەی بەرکەوتووە، سستی ئابووری بێگومان لاوازی سیاسی و سەربازی بەرهەم دێنێ و وڵاتێك کە بەشە گرینگ و هەستیارەکانی بە ئامانج بگرین، زۆر بەدژواری دەتوانێ خۆی لەژێر بارگرژییەکاندا ڕزگار بکات و ئاسایشی وڵات بپارێزێت.

وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێران کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ژێرزەوی و هەناردەکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە نەوتی وڵات، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرنامە و پلانی خۆشگوزەرانی لە پێناوی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی گەلانی وڵاتدا، سەرانی حکوومەتی ئێران بەرنامەی ژیرانەیان بۆ ئەو مەبەستە نەبووە و سەروەت و داهاتی نیشتمانیان بەتاڵان بردووە و ئەو دەستە و گرووپانە سوودیان لێ بینیوە کە باڵی دیار و ئاژاوەی حکوومەتی تاران بوونە لە عێراق و سووریە و لوبنان و فەلەستن و حوسیەکانی یەمەنیش لەسەر خەلەوخەرمان و سامانی گەلانی ئێران پەرە بە چالاکییەکانیان دەدەن.

لەو ماوەیەدا بەشێك لە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی تاران بە زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لەبەرانبەر ئەمریکا و دۆستە سیاسی و ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتەدا ڕایانگەیاندوە کە ئێران توانایی بەرگریکردن و پاراستنی ئاسایشی خۆی هەیە و هێرشی توندیشیان کردۆتە سەر حکوومەتەکانی ئیسراییل و سعوودیە کە هاوبەشی پیلانگێڕییەکانی ڕۆژئاوا دەکەن بەدژی تاران.

لەمەوبەدوا سیاسەتی کۆشکی سپی سەبارەت بە ئێران قسەی خۆش و بێ کردار نابێ و مانەوەی ئەو حکوومەتە بەو جۆرە، مەترسی زۆر زیاتر لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست کردووە وبڕیاربەدەستە دیارەکانی ئەمریکا لەو بڕوایەدان کە دەبێ سنوورێك بۆ تاران دابنرێ.

کاتێك کاتیوشایەك لە نزیك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا کەوتەخوارێ، ترامپ زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر حکوومەتی ئێران و هەڕەشەی لەنێوبردنی لێکردن!

ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن بێگومان زەمینەی کاردانەوە خێراکانی ئەمریکا زۆر بەهێزتر دەکا و هەلی لەبارتر دەخاتە بەردەستی حکوومەتی دانڵدترامپ بۆ لێدانی ئێران. لە نێو کابینەی حکوومەتی ئەمریکادا زۆر یەك لە سیما دیار و کاریگەرەکان، سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران، ڕوانینی زۆر ستراتیژیان هەیە و بەشێکیان لەو بڕوایەدان کە حکوومەتی ئێران بە ڕێگای دانیشتن و گفتووگۆدا نایەتە ژێربار و بە سیاسەتەکانیدا ناچێتەوە.

لە گەرماوگەرمی ئاڵۆزییەکانی نێوان واشنگتۆن و تاراندا بوو کە بە فیتی ئێران، هێرشی مووشەکی کرایە سەر ئیسراییل و چەند بەلەمێکی بارهەڵگریش بە ئامانج گیران و لە درێژەی ئەو پیلانگێڕییەدا لە نزیك باڵوێزخانەی ئەمریکا کاتیوشایەك کەوتەخوارێ و حوسیەکانی سەر بە ئێرانیش هێرشەکانیان بۆ سەر ئامانجە ئابووری و بازرگانییەکانی سعوودیە چڕ کردەوە.

حکوومەتی ئەمریکا بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئەوان هاوپەیمانەکانیان لە مەترسییەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران دەپارێزن و ڕێگا نادات لە بەرچاویان دۆستەکانیان بخرێنە ژێر فشار و ئاسایشی نەتەوەییان مەترسی لەسەر دروست بێ.

ئاکامی ئەو جووڵە سەربازییەی ئەمریکا لە سەرسنوورە ئاوی و وشکانییەکانی ئێراندا، بەتەنیا لەبەر خاتری پاراستنی هاوپەیمانە سیاسی و مێژووییەکانی لە سەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نییە و بەشێکی زیاتری بۆ ئەوەیە کە پێگەی لەدەستچووی بەهێزتر بکاتەوە. پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی بە جۆرێك نییە کە چاوەڕوانی گۆڕانکاری و پێکەوەهەڵکردن و سازانی لەگەڵ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازتر لە خۆیان هەبێت.

بەدڵنیاییەوە ئەمریکا بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی سیاسی و ستراتیژی و ئامانجی گەورە، جووڵە بە هێزەکانی نەکردووە و چۆن دەکرێت لە حاڵی ئاشتی و ئارامیدا هێزی وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا بخرێتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە لە بەرامبەر وڵاتێکدا کە ناکۆکییەکان زۆر جیددی نەبن. وەشاندنی گورزی سەربازیش کات و وەختی خۆی دەوێ و هەر بڕیارێکی هەڵەی سیاسی و سەربازی بێگومان بە گران لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەوێ و زۆر بە وردی بارودۆخی ئێران لەژێر چاودێریدایە. کۆشکی سپی زۆر بە ژیری لەبارەی ئێراندا دەچێتە پێش و کارێك ناکات دڵی دۆستەکانی لە خۆی بکا و لۆمەی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بێ سەبری لەهەمبەر قەیرانی واشنگتۆن و تاران بکرێ.

لە ئاستی نێونەتەوەییشدا ئێران بەتەنیا ماوەتەوە و هیچ ئومێدی بە دۆست و هاوبەشەکانی نەماوە، ئەگەر هێندێك جار لێدوانی سەیر و بە زمانی هەڕەشە دەردەکەون، بە دڵنیاییەوە تەنیا ئەو خاڵە دەرکەوتنێکی رووکەشە و بەو وردە نەزیلانەیان هەوڵی ئەوە دەدەن لەگەڵ ئەمریکا بە ڕێگای وتووێژدا کێشەکانیان بەلایەکدا بخەن.

ڕێژیمی ئاخوندی بە درێژایی دەسەڵاتداری، جگە لە ئەزیەت و ئازاردانی خەڵك و لەنێوبردنی ئازادیخوازان و بژاردە دیار و کاریگەرەکانی وڵات، هیچ کارێکیان نەکردووە کە خەڵك بۆ لەدەستدان و ڕووخانیان قووڕیان بۆ بپێوێت. بەپێچەوانەوە گەلانی ئێران ئەو کات هەست بە ئازادی و ئاسوودەیی دەکەن، کە ئەو نیزامە بە تەواوی بەسەریەکدا، بڕووخێ و حکوومەتێکی بەتەواوی گەلی و دێمۆکراتێك کە نوێنەرایەتی ئیرادەی فرەڕەهەند و فرەنەتەوەی وڵات بکا، بە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد بێتە سەر دەسەڵات.

حکوومەتی ئاخوندی بە هیچ جۆرێك بیری لە گۆڕینی ڕفتاری سیاسی خۆی نەکردۆتەوە و بەو پێیەش بێ لە سەر کەڵاوەکێشیەکانی لە سەر ئاستی هەرێمایەتیدا بەردەوام دەبێت. تاران لە هەموو وەختێك زیاتر تەریك و تەنیا ماوەتەوە و تەنانەت هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی کە مۆسکۆیە، بە ئاشکرا ڕایانگەیاندوە کە ڕووسیە "ئاگرکوژێنەوە"ی ئێران نییە و لە کوێ فیتنەی سازبکا و ئەوانیش ڕۆڵی هێورکردنەوە بگێڕن. کاربەدەستانی ئێران بە خۆدزینەوەی لە تێکهەڵچوونی سەربازی لەگەڵ ئەمریکادا، بە ڕادەی شکستی گەورەی بەرکەوتنی سەربازی لەسەر پێگە و سیاسەتی وڵاتەکەیان دەکەوێ و شوێن لە سەر نفووز و دەوری ئێران لە سەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا دەبێ و لەگەڵ قەیرانی زۆرتر بەرەوڕوو دەبێتەوە.

# خوێندکاری کورد بێدەنگ نابێت

بێهزاد قادری



چینی خوێندکار بەو کەسانە دەوترێت کە وەک بەشی ئاکادمی، قۆناغەکانی خوێندن دەبڕن و دەچنە زانکۆ و لە بەشێکدا درێژە بە فێربوونی زانست دەدەن. لەم نێوانەدا، ئەرکی خوێندکار وەک چینی خوێندەوار و ڕووناکبیری کۆمەڵگا، تەنیا فێربوونی زانست و وەرگرتنی بڕوانامە و چوونە سەر کارێکی تایبەت نییە، بەڵکوو ئەرکی خوێندکار گرنگتر و کاریگەرتر لەوەیە کە لە چەند ڕستەدا بکرێت باسی لێوە بکەین، لە گۆڕانکارییە بچووک و گەورەکانی نێو زانکۆوە بگرە، تاکوو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی نێو کۆمەڵگا. ئێستا ئەگەر ئەو خوێندکاریشە، خوێندکارێکی کورد بێت، بەدڵنیاییەوە دۆخەکەی جیاوازە و ئەرکەکەی قورسترە، چونکە خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە هۆی فاکتەرگەلێکی وەک: فەرهەنگ، مێژوو، جوغرافیا، زمان و شوناس، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خوێندکارانی دیکەی نێو وڵاتی ئێراندا هەیە و هەر ئەم جیاوازییانەیە کە هێڵێکی تایبەت بۆ خوێندکاری کورد دەکاتەوە و بەرەو ئامانجگەلێکی دیاریکراو هانی دەدات، کە هەر کام لە جێی خۆیدا، خاوەن بایەخی تایبەتی خۆیەتی.

بەدڵنیاییەوە، هەموو خوێندکارێک حەزی لە هەموو ئەرکێک کە دەکەوێتە ئەستۆیەوە، نییە! هەڵبەت، حەز و ویست و خواستەکان جیاوازن و لەوانەیە دەیان و سەدان خوێندکار پێیان خۆش نەبێت کە خۆیان تووشی ئەو کێشانە بکەن کە ڕەنگە لە بەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکانە، بەرۆکیان بگرێت. ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەموو کات، بەشێکی بچووکی کومەڵگایە کە ئەرکی گەورە لە ئەستۆ دەگرێت و لە خەمی بەرەوپێشچوونی وڵاتدایە و شەڕ بو مافەکانی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکات. هەر بۆیە، شتێکی ئاساییە کە کەسانی خۆشگوزەران بوونیان هەبێت، بەڵام بەپێی ئەوەی کە پێکهاتەی خوێندکارانی بەشی سیاسی و زانستی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بەگشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەتایبەتی، لە خەفەقانێکی سیاسیدان، خوێندکارانی کورد ئەگەر بە شێوەی کرداریش بە فەرمی نەیانکردبێت، بەشی زۆری خوێندکارەکانی بەشی زانستە مرۆییەکان و زانستەکانی دیکە بەگشتی و بەشی خوێندکارانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەتایبەتی، خۆیان لەو کێشانە داوە و چالاکانە کاریان بۆ کردووە و کاری بۆ دەکەن.

لەم وتارەدا نامەوێت لەسەر ئەرکی خوێندکاری کورد بدوێم و باسەکە شی بکەمەوە و تەنیا دەمەوێت لەسەر یەک خاڵ جەخت بکەمەوە و ئەویش ئەوەیە کە وێڕای بوونی خەفەقانی سیاسی لەنێو کۆمەڵگا و زانکۆکاندا و بوونی دەسبەسەرکردن و هەڕەشەی توند، هیچکات خوێندکاری کورد بێدەنگ نابێت. هەروەها، هەڵوێستی شیاوی خوێندکارانی کوردی زانکۆی کوردستان لە شاری سنەدا، نموونەیەکی بەرچاوی سەلماندنی ئەم ڕستەیە و پیشان دەدات کە خوێندکاری کورد، هەمیشە پێشەنگی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و سەرکوت و هەڕەشە وەک چۆن تا ئێستا نەیتوانیوە ئیرادەی کوردبوونیان لێ بستێنێت، ئەم کردەوە دژە مرۆڤانەی ڕێژیم، بۆ هەمیشە نەزۆک دەمێنێتەوە.

چەند ڕۆژ پێش، هەواڵێک بڵاو بووەوە و باسی لەوە دەکرد کە بەرپرسی بەسیجی خوێندکاریی زانکۆی کوردستان لە شاری سنەدا، بێڕێزیی بە فەرهەنگ و جلوبەرگی کوردیی کردووە! هەڵبەت ئەمە جێی سەرسووڕمان نییە و بێڕێزی هەمیشە بەشێک لە سیاسەت و بەرنامەی ڕێژیم و سەفیرە فەرهەنگییەکانیان دژ بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی جوغرافیای ئێران بووە و بەم شێوازە باڵادەستیی نەتەوەی فارسیان نواندووە.

"سەید عینایەت جوویبار"، بەرپرسی بەسیجی خوێندکاریی زانکۆی کوردستان، بە پشتبەستن بە هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم، هەڕەشەی لە خوێندکارانی کورد کرد کە نابێ بە جلوبەرگی کوردی بێنە نێو زانکۆوە، چونکە ئەم جلوبەرگانە تایبەتی حیزبە کوردییەکانە. ئەم بەرپرسەی بەسیجی خوێندکاری، داوای لە ئیتلاعات و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کرد کە هەر خوێندکارێکی کورد کە بە جلوبەرگی کوردی هاتە نێو زانکۆوە، دەسبەسەری بکەن. هەروەها لە بەشێک لە بەیانییەکەیان کە دژ بە فەرهەنگی کوردی بڵاویان کردبووەوە، میللەتی کوردیان وەکوو "قەوم" ناو بردووە کە بەشێکی زۆر بچووک لە فەرهەنگی ئێرانین و جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێ هەموو چالاکییەک لە ڕاستای خزمەت بە زمانی فارسی و نەتەوەی فارسدا بێت. ئەم بەیاننامە و هەڵسوکەوتە دژە کوردەی بەرپرسی بەسیجی خوێندکاریی زانکۆی کوردستان، هەر بەو جۆرەی کە پێشبینی دەکرا و ئێمەش چاوەڕوانی بووین، تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خوێندکارانی کوردی لێکەوتەوە، واتە خوێندکاری کورد قەت لەم بوارانەدا ناتوانێت بێدەنگ بێت، ئەگەر تەنانەت ئاکامێکی ناخۆشیش بە دوای خۆیدا بهێنێت.

سیستمی پەروەردەی ڕێژیمی ئێران، لەسەر بنەمای دژایەتیی کۆمەڵگای مەدەنی و تاکڕەویی ئیسلامی (پەسندکراوی دەزگای ویلایەت) دانراوە و هەر بۆیەش پرسی نەتەوە بە پرسێکی دژەئایین دادەنێت و ئەمەش وایکردووە کە هەم لە یاسای بنەڕەتی و هەم لە یاسا پێوەندیدارەکان بە سیستمی پەروەردەدا، بە شێوازی جۆراوجۆر، دژایەتیی پرسی نەتەوەیی بکات و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیش نەیتوانیوە لەژێر تەوژمی ئەو دژایەتییەدا دەرباز بێت بەڵام هەمیشە لەمبارەوە، شایەتی هەڵوێستی خوێندکاری کورد بووینە و پاش ئەم بێڕێزییە سیستماتیکەی بەسیجیش لە زانکۆی کوردستاندا، هەنگاوی جیددیمان دیت.

دوابەدوای ئەو هەواڵەی کە بەسیج بێڕێزیی بە فەرهەنگ و جلوبەرگی کوردیی کردبوو، ئەم هەواڵەمان دیت کە خوێندکارانی کوردی زانکۆی کوردستان، وڵامی توندی بەسیجییەکان و بەرپرسی بەسیجی خوێندکاریی زانکۆیان دایەوە. لەم وڵامەدا، خوێندکارانی کچ و کوڕی زانکۆی کوردستان، بە جلوبەرگی کوردییەوە لە زانکۆ و کلاسەکانیاندا ئامادە بوون و پیشانیان دان کە کورد بەگشتی و خوێندکاری کورد بەتایبەتی، فێری بێدەنگی نییە و هیچ بێڕێزییەک قەبووڵ ناکات، تەنانەت ئەگەر لە لایەن ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دڕندەی وەک ڕێژیمی ئێران بێت، بۆیە لە درێژەشدا بەیاننامەیەکیان دەرکرد و ڕایانگەیاند: "ئێمە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، خوازیاری ڕێزگرتن لە هەموو گەلەکان، فەرهەنگەکان و زمانەکانی دونیاین و وەکوو ئەرکی ئێخلاقی و مرۆییمان، بە هیچ کەس و گرووپێکی پاوانخواز و یەکپارچەخواز ئیجازە نادەین، کە مافی هیچ مرۆڤێک پێشێل بکات".

ئەم باسانە لێرەدا کۆتایی پێ نەهات و هێرشی بەسیجییەکان بۆ سەر خوێندکارانی کوردی لێکەوتەوە و خوێندکارە کوردەکانیش، بەپێی ڕیساڵەتیان، بەرەنگارییان لە کەرامەتی ئینسانیی خۆیان و گەلەکەیان کرد؛ ئەوەیکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە زانکۆی کوردستان بینرا و لێرەدا بە کورتی ئاوڕی لێ درایەوە، پرسێکی نوێ نییە و پێشتریش خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی کوردستان و ئێراندا، هەڵوێستی شیاوی لەم چەشنەیان نیشان داوە؛ ئەم بەرهەڵستبوونەوەیە ڕێک ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە خوێندکاری کورد و بزاڤی خوێندکاریی کورد لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؛ واتە خوێندکارانی کورد هاوتەریب لەگەڵ هەوڵدان بۆ وەرگرتنی مافە سێنفییەکانیان هیچ کات پرسە نەتەوەییەکانیان لەبیر نەکردووە و لەڕاستیدا بزاڤی نەتەوایەتیی گەلەکەیان بەشێکی دانەبڕاو بووە لە خەبات و بزاڤە خوێندکارییەکانیان، ئەمەش بەتەواوی مانا و لە هەڵوێست گرتنێکی هاوشێوەی زانکۆی سنە زیاتر خۆی دەرخست و سەلماندی کە خوێندکاری کورد بێدەنگ نابێت.

# ١ی ژوئەن و دۆخی منداڵان لە ئێراندا

کوردستان



باشترکردنی دۆخی ژیانی منداڵان مژارێکە کە ساڵانێکە بووەتە جێگەی مشتومڕ و بایەخی بەشێکی بەرچاو لە ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییەکانی تایبەت بە منداڵان، بۆیە دەبینین کە لە پێناو باشترکردنی ئەم دۆخەدا لە ڕۆژژمێری فەرمی یونسکۆدا ڕۆژێك، وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاریکراوە، کە ئەم ڕۆژە بریتییە لە ڕۆژی ١ی ژووەن.

مێژووی ڕۆژی جیهانیی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، کاتێك کە لە ساڵی ١٩٦٧ دوو باڵی مەسیحییەکانی ئەمریکا لە ڕووی بیروباوەڕە ئایینییەکانیانەوە، ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی مانگی ژووەنیان وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاری کرد. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵ بەسەر ئەم دیاری کردنەدا، تێکڕای مەسیحییەکانی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا یەکەم یەکشەممەی مانگی ژووەنیان وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاری کرد بەڵام بڕیاری کۆتایی و بە جیهانی کردنی ئەم ڕۆژە، لە ١ی ژووەنی ساڵی ١٩٤٩ و لە کۆبوونەوەی ژنانی دێموکرات لە شاری مۆسکۆ درا و یەکلایی کرایەوە.

منداڵ سەرەکیترین قوربانیی دیاردەکانی وەک هەژاری، شەڕ و زوڵم و زۆردارین کە گەورەساڵان بۆیان ساز دەکەن، بۆیە گرینگیدان بە هەموو لایەنەکانی ژیانی منداڵان لە ئێستەدا پرسێکی سەرەکی و گرینگ و لە سەرووی بەرنامەی کاری هەر تاك و لایەنێك بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازییەکی زمانی و ڕەگەزی و نەژادی جێی گرتووە؛ بەڵام لە ئێرانی بەڵالێدراوی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە نەتەنیا منداڵان کە نەسڵ و جیلی دوارۆژی ئەم وڵاتەن لە پەراوێز خراون و وەک پیویست ئاوڕ لە ویست و پیویستییەکانیان نەدراوەتەوە بەڵکوو هێشتا ڕێگە بە داکۆکیکردن لە مافەکانی منداڵانیش نادرێت و هێشتا منداڵان هەر قوربانی سەرەکی گەندەڵییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتن و دەسەڵاتدارانی ڕێژیمیش لە جیاتی ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری وەك وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لە پێناو باشترکردنی دۆخی ژیان و پەروەردە و بارهێنانی منداڵان بخەنە گەڕ، دەبینین کە بەپێچەوانە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای نەبوونی ئەمنییەت، جێگە و پێگەی ژیان، پەروەردەی دروست و گونجاو، بێهداشتێکی سەردەمیانە بۆ منداڵان، سەروەت و سامانی وڵاتیش لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بە تاڵان دەبردرێت و بەشەکەی دیکەشی بۆ کاروباری تیرۆریستی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە و هەروەها سەرکووتی نێوخۆیی تەرخان دەکرێت.

ئەم دۆخە نالەبارەی منداڵان لە ئێراندا کە باسمان کرد لەگەڵ سەپاندنی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیك و زۆرەملێی مەزهەبی شیعەی دووازدە ئیمامی بە سەر نەتەوەکانی غەیری شیعە لە ئێراندا، بوونەتە هۆی ئەوە کە منداڵان لە ئێران لە تەمەنی کەمدا واز لە خوێندن بێنن و بە ناچاری ڕوو لە بازاڕی کار بکەن و لەو ڕێگایەشدا زۆرجار دەکەونە داوی مافیا و بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان و بەم شێوەیە ژیان و داهاتوویان بەرەو فەوتان دەڕوات.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە هەم لە مادەی ٣٧ی ڕێککەوتنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵاندا هاتووە کە، ڕێگە نادرێت سزای لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی بە سەر منداڵانی خوارووی تەمەن ١٨ ساڵدا بسەپێت و هەم لە مادەی ٧٩ی یاسای کار لە ئێراندا هاتووە کە ڕێگە بە کارکردنی منداڵانی خوارووی تەمەن ١٥ ساڵ نادرێت، بەڵام ئەوەیکە وەک ئەمری واقیع لە ئێراندا دەبیندرێ بریتییە لە لەسێدارەدان و زیندانی کردنی منداڵانی خوار ١٨ ساڵ کە وای کردووە ئەم وڵاتە لە پلە یەکەمی جیهاندایە؛ لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی دوایین ئامارە بڵاوکراوەکانی خودی ڕێژیم زیاتر لە ٣ میلیۆن منداڵ و بەپێی لێکۆڵینەوە و لێدوانی شارەزایان و چالاکانی ئەم بوارە، زیاتر لە ٧ ملیۆن منداڵ لە ئێراندا بە کەمترین مووچە کار دەکەن و هاوکات لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن.

ئەم ئامارە ترسناکانە لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی پێوەندیدار لە نێو سیستمی کۆماری ئاخوندی لەباتی هەوڵدان بۆ خەسارناسی و دۆزینەوەی ڕەگەکانی ئەم دیاردانە هەوڵی گۆڕینی ناوەکان دەدەن بۆ نموونە پێشنیاریان کردوە لەباتی کەلکوەرگرتن لە دەستەواژەی "منداڵانی سەرشەقام" یان "منداڵانی کار" بوترێ: "منداڵانی سەرقاڵی کار!!".

هەر لە چوارچێوەی ئامارەکاندا پیویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ٣٤٪ی منداڵانی کار هاوکات دەرس دەخوێن، ٤٠٪یان وازیان لە خوێندن هێناوە و ٢٤٪یش هیچ کات نەچوونەتە قوتابخانە! بەگشتی ئەوەیکە وەک مەترسی لەسەر ئەم منداڵانە هەست و درکی پێدەکرێ ئەمانەن: نەخێندەوارمانەوە، ناچاربوون بە وازهێنان لە خوێندن، تووشبوون بە نەخۆشی ئەیدز، ئێعتیاد، خەمۆکی، خۆکوژی، ئازارە جینسییەکان، توندوتیژی، شەڕ و چەقۆکێشی و ...

بە گشتی ئەوە وەزعی منداڵانی وڵاتی ئێمەیە کە دوای زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بە سەر ئێراندا، هێشتا دۆخی ژیانیان بە هۆی بەڕێوەبەریی نەشیاوی سیاسی و سیاسەتی بەفیڕۆدانی ئابووری وڵات و بە هێند نەگرتنی ژیان و پەروەردەی منداڵان بەرەو چارەنووسێکی لێڵ و مەترسیدار دەڕوات.

# ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی

**قەندیل**



کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بە لەسێدارەدانی ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی گەلانی ئێران، بە تایبەت خەڵکی خەباتگێری کورد پڕ کراوەتەوە. کوشتار و خاشەبڕکردنی خەڵکی سڤیل، تاڵانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان، دوورخستنەوەی زۆرەملێی هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری ، وێرانکردنی سەدان گوندی کوردستان، سووتاندنی خەلە و خەرمانی خەڵکی هەژاری گوندەکان، گرتن، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و دەیان تاوانی دیکەی هاوچەشن تەنیا بەشێکن لە کارنامەی نگریسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

٣٦ساڵ بەسەر کارەساتی لەبیرنەکراوی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد، لە ١٢ی جوزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە زیندانە تاریکەکانی ڕێژیمی ئێراندا تێپەڕ بووە. ٥٩مەشخەڵی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی، ٥٩ لاوی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ، کە تاوانیان تەنیا کوردبوون بوو، لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا بە کۆمەڵ ئێعدام کران. مێژووی خەباتی میللی – دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، هەمێشە لێوانلێو بووە لە بەرخۆدان و سەرهەڵدان، خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدان، بۆ ڕزگاری نیشتمان و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتیی، ئازادی و دێموکراسی. لەو پێناوەدا بە هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر گیانی خۆیان لە سەنگەری بەرخودان یان لە زیندانەکان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کردووەتە قوربانیی بارەگای ڕزگاری. ئەگەرچی تا ئێستا خەباتی خوێناوی گەل نەگەیشتوونە ئامانجەکانی بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی و لە قوناغی خەباتی ڕزگاریخوازی نێشتمانیدایە، بەڵام بە شایەتیی مێژوو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەمیشە گیان لەسەر دەست لە مەیدانی خەبات و تیکۆشاندا بۆ ڕزگاری و مافی نەتەوایەتیی لە بەخشینی گیانیشیان سڵیان نەکردووتەوە. هیچ کات ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە ڕێژیمی ئێران خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان خەوشدار بکات. هەر بۆیە ڕۆڵە ئازا و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کورد، بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات، داکۆکییان لە مافی نەتەوایەتیی، دێموکراسی و ئازادی گەلانی ئێران کردووە. ڕێژیمی کۆماری پەت وسێدارە هەر لە سەرەتای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی، دەستی دایە سەرکوتی خەڵکی شار و گوندەکان، تا دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بە سەر کوردستاندا بسەپێنێت. ڕێژیمی ئێران ، زۆرجار دوای شکستی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت هێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هێزە دۆڕاوەکانی، پەلاماری خەڵکی بی دیفاعی شار و گوندەکانی داوە، لە ئاکامدا دەیان کەسی سڤیلی لە ژن و پیاو و منداڵی کوردی قتڵ و عام کردووە. چەکدارەکانی سپای پاسداران، پاش شکست لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ پیشمەرگەکانی کوردستان، پەلاماری گەڕەکەکانی شاری مەهابادیان دا و لەو هێرشەدا ٥٩ لاوی شاریان قوڵبەست کرد و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکانی ئیتلاعاتیان کرد، کە بە داخەوە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە ١٢ی جوزەردانی ١٣٦٢ دا بە کۆمەڵ ئیعدام کران و تەنانەت گۆڕەکانیشیان بە بنەماڵەکانیان نیشان نەدرا. ئەو تاوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە نەتەوەی کورد بە گشتی و خەڵکی مەهاباد بە تایبەتی، لە لایەك وەك پەڵەیەکی ڕەش لە کارنامەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمدا ماوەتەوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستانی سوورتر کردووە لە بەرگری لە کەرامەت و خاك و نیشتماندا. ئەگەر دوژمنانەی نەتەوەی کورد پێیان وایە بە گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی گرتن، زیندان و ئیعدامی شۆڕشگیرانی کورد بە ئامانجەکانیان دەگەن، دەبێ باش بزانن کە تۆزقاڵێك لە ورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر بە گوڕوتینتری دەکات. سەلمێنەری ئەم وتەیەش بوونی دەیان تێکۆشەری سیاسی لە بەندیخانەکان و سەدان شەهیدی هەرگیزلەبیرنەکراو و هەزاران ڕۆڵەی قارەمان لە سەنگەرەکانی بەرخۆدان و خەباتە.

# تێستی پەسەندکردنی فاشیزم

**پێژمان شەریعەتی**



زمان بە گرنگترین و بناغەییترین توخمی پێکهێنەری هویەت یان شوناس بە ئەژمار دێت و دەکرێ وەک پێناسەیەکی "هویەتی" بۆ تاك، گرووپ و نەتەوەکان سەیر بکرێت.

مرۆڤ بە زمانی دایکی خۆی بیر دەکاتەوە و تواناکانی، چ لە ئاستی تاکەکەسی و چ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەبووژێنێتەوە و کەسایەتی خۆی دەبینێتەوە، کەواتە زمان میراتێکی مەعنەوی مرۆڤانەیە کە دەکرێ بڵێین ڕەوتی کامڵبوونی ئینسان نەسڵ بە نەسڵ دەگوازێتەوە.

هاوکات زمان وەکوو سەرمایەیەکی فەرهەنگیش پێناسە دەکرێت کە ڕابردوو و ئیستای هەر کۆمەڵگایەك پێکەوە گرێ دەدات و نەخشی سەرەکی دەگێڕێ لە پاراستن، گەشەدان و بەهێزکردنی فەرهەنگی کۆمەڵگاکان.

زمانی دایکی و فێربوون بە زمانی دایکی هەر وەك ئاماژەی پێکرا کاریگەرییەکی سەرەکی لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و ئاست وپلەی کەسایەتی مرۆڤەکاندا هەیە، زمانناسان، ژینگەناسان و ژینگەدەروونناسەکان لەو باوەڕەدان، کە ڕیتم و موسیقا و ڕەنگ و جوانی دەنگی دایك، لەو کاتەوە کە منداڵ لە سگی دایکییەتی بۆی دەگوازرێتەوە و لە ڕاستیدا میراتێك کە منداڵ لە کاتی لەدایکبوونی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، پریاسکەیەکە لە زمانی دایکی.

زمانی منداڵ، زمانێکی سادە نییە، زمانێکە کە پڕە لە ورووژان، هەست، وێنا و خولیا و کاتێك دەگوترێت بە زمانی منداڵ قسە بکە، بەو واتایە نییە کە بە شێوەی سادە قسە بکرێت، بەڵکوو زمانی منداڵ هەر ئەو زمانەی دایکییەیەتی کە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە جوانانەیە.

سەرەتاییترین واتاسازییەکان لە مێشکی منداڵدا لە سەر ئەساسی زمانی دایکی شکڵ دەگرێت و لە ڕوانگەی دەروونناسانی بواری هەڵدان، ئەبستیمگەرا و پێکهاتەگەرا دەتوانین بڵێین، بناغە و پێکهاتە و بنچینەکانی زەینی هەر تاکێك لە هەڕەتی منداڵی، یەکەم لە ڕێگەی زمانی دایکی و دووهەم لە ڕێگەی بنەماڵەوە شکڵ دەگرێت.

بەپێی ئەو پێناسانە کە باسی لێکرا لەسەر گرنگی زمانی دایکی، مافێك دێتە ئاراوە کە مافی پەروەردە و گرنگی پەروەردە بە زمانی دایکییە.

کاتێك کە باس و بەرگری لە پەوروەردە بە زمانی دایکی دەکرێت، هەندێك وا بیر دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ئەو بیرکردنەوە و گوتارە کاتی بەسەرچووە و لە سەردەمی بەجیهانیبووندا نابێ باسی لیوە بکرێت، بەڵام زمان تەنیا کەرەستەی قسەکردن نییە، بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوە و هویەت و شوناسی نەتەوەیشە.

هەر بۆیە گرنگییەکی زۆری هەیە و مافی بنەڕەتی هەموو ئینسانێکە کە بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت و بنووسێت؛ لە مەنشووری زمانی دایکی کە لە دامەزراوەی زانستی، فەرهەنگی و پەروەردەیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داڕێژراوە و پەسەند کراوە، بەپێی بەندەکانی ئەو مەنشوورە، هەموو دەوڵەتەکان ئەرکدارن کە بۆ بەهێزکردن و فێرکاری زمانی دایکی، سەرچاوەکان، مەواد و کەرەستەکانی پێویست بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن. لەو مەنشوورەدا پەروەردە بە زمانی دایکی وەکوو کەرەستەیەك بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی بە ئەژمار دێت.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە لە ئێراندا کە چەندین نەتەوە بە زمانی جیاواز و کلتوور و فەرهەنگی جیاواز لەو هاوکێشە سیاسییەدا دەژین هەر لە سەردەمی قاجارەکانەوە کە بە شێوەی مودێڕن قوتابخانە دادەمەزرێت، تەنیا لە ناوەندی ئێران و قوتابیان بە زمانی فارسی پەروەردە دەکرێن، لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا کە لەژێر ئەو دەسەڵاتەدان تەنیا مەکتەبخانەیان هەبووە و چەند دەیە دەخایەنێت کە لە سەردەمی پاڵەوی لە جوغرافیای نەتەوەکانی ئێران، قوتابخانە ساز دەکرێت و بە شێوەی فەرمی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان دادەمەزرێت و سیستمی پەروەردەیی ئێران بە شێوەیەك دادەڕێژرێت کە ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتدارانی ناوەندی ئێران بە زمانی فارسی لە جوغرافیای هەموو نەتەوەکانی ئێران لە ڕێگەی قوتابخانەکان ئاموزش بدرێت و کولتور و زمانی هەموو نەتەوەکان لێیان زەوت بکرێت و تەنیا و تەنیا زمانی فارسی ڕەسمیەتی پێ دەدرێت.

بە گشتی لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتی مودێڕن لە ناوەندی ئێران لە سیستمی دەسەڵاتداران هەتاکوو ئەمڕۆ مافی هیچکام لە نەتەوەکان جیا لە نەتەوەی باڵادەست لەبەرچاو نەگیراوە و ئەمەش یەکەم ستەمی سیستماتیک بووە لە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران.

پاش ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییش کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، نەتەنیا ئاڵوگۆڕێك لە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران پێك نایەت، بەڵکوو ئەم ڕێژیمەیش بە شێوازی داهێنراوی خۆی و لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشوو و تەنانەت بە شێوازێکی توندتریش هەوڵی سڕینەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێران دەدات.

لە تازەترین بەرنامە و سیاسەتی دژەئینسانی ڕێژیم بۆ سڕینەوەی زمان و کولتور و مێژووی نەتەوەکانی ئێران، "ڕزوان حەکیمزادە" جێگری پەرووردەی سەرەتایی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان، لە دانیشتنی هەڵسەنگاندنی سڵامەتی جەستەیی و ئامادەیی خوێندنی فێرخوازان لە دەسپێکی چوونەوە بۆ قوتابخانە وتوویەتی: "وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکی بە ناوی ( تست بسندگی زبان فارسی ) بە سیستمی پەروەردە زیاد دەکات کە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزیری پەروەردە لەسەر ئەساسی قسەکانی ڕێبەر لەم ماوەیەدا کە جەختی کردبوو لەسەر گرنگی فێربوون و پەرەپێدان بە زمانی فارسی، ئەو بڕیارەمان داوە کە بتوانین بارودۆخێك پێك بێنین کە منداڵان باشتر زمانی فارسی دەرك بکەن".

هەروەها حەکیم زادە لە قسەکانیدا، ئاماژەی بەوە کردووە لەو ناوچانەدا کە دوو زمانەن، "ئوفتی تەحسیلی" زۆرە و بە دانانی (بسندگی زبان فارسی ) لە گەلاڵەی سەنجش دەتوانین قوتابیان ئامادە بکەین.

ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیم و قسەکانی خامنەیی لە حاڵێکدایە کە لە ساختاری ئەو ڕێژیمە فاشیستییەدا، خەسارناسی و لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوەکانی دیکە و چارەسەری گرفتەکان هیچ واتایەکی نییە و تەنیا دەسەڵات و زمانی فەرمی خۆیان لەبەرچاو دەگیرێت و ئامانجیان سڕینەوەی هەمەلایەنەی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێرانە.

ئەم ڕوانگە فاشیستییە بە تایبەتی لەسەر زمان لەکاتێکدا بەدژی نەتەوەکانی ئێران ڕەجاو دەکرێت کە ریچارد هادسن، زمانناسی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات: "زمانەکان هیچیان لەوەی دیکە سەرتر و باشتر نین، تەنیا لەگەڵ یەك جیاوازن و لە ڕاستیدا هیچ زمانێك کەرت و ناسالم نییە، بەڵام لە بیاڤی پەروەردەدا، سیاسەتی زمانی لە شوێنە جیاوازەکانی دونیا، هاوتەریب لەگەڵ زانست و دەسکەوتە زانستییەکان ناچێتە پێش و دەسەڵاتداران، ڕاستییەکان، زانست و لێکۆڵینەوەکان فیدای بەرژەوەندی خۆیان دەکەن.

لەو پەیوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکەین کە هەر وەك پێشتر باسمان کرد، ئامانجی سەرەکی ئەو ڕێژیمە زاڵکردنی ئیدئۆلۆژی خۆی و سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکان و لە ڕاستیدا لەنێوبردنی توانایی بیرکردنەوە و کەسایەتی تاکەکانی نەتەوەکانی ئێرانە.

باشترین کەرەستەی ڕێژیم بۆ پێکانی ئەم ئامانجە هەتا ئێستا قوتابخانەکان بووە کە بە شێوەیەکی جیددی و بە تەرخانکردنی بوودجەی تایبەت نەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەڵکوو بۆ پێشبردنی سیاستە دژەمرۆڤانەکانی خۆی کەڵکاژۆی لێوەرگرتووە و لەدرێژەی ئەو بەرنامانەدا، بە دانانی سیستمی تێستی شیاوی زمانی فارسی، لە هەوڵدایە کە لە نێو نەتەوە غەیرەفارسەکاندا، بنەماڵەکان و دایك و باوکەکان ناچار بکات بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، مافی فێربوونی زمانی دایکی لە لایەن بنەماڵەی منداڵانەوە زەوت بکرێت و دایك و بابی منداڵەکان تاوانبار بکات و لەڕاستیدا بیانکاتە شەریکی تاوانێکی نەکراوە!

# ٢ دووبارەبوونەوەی مێژوویی



## ڕاسان

دووبارەبوونەوەی یەکەم
هاویشتن بۆ نێو گورگەکان!

یەکێک لە تاکتیکەکانی "کاگێبێ"، یان دەزگای ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی شۆڕەوی پێشوو بۆ لەنێوبردنی ڕووناکبیران، نووسەران و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە کە دژبەری سیستمی حاکم بوون بریتی بوو لە تاکتیکی "هاویشتن بۆ نێو گورگەکان". لەم تکنیکەدا هیچ پێویستییەک بە بانگهێشت، گرتن، لێپرسینەوە، ئەشکەنجە، زیندان یان کوشتنی ڕووناکبیران و خەباتکارانی سیاسی- کۆمەڵایەتی و ئارمانجخوازانی دژبەری مۆسکۆ نەبوو؛ بەڵکوو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و نادیار، کاگێبێ دزەی دەکردە نێو ژیانی تاکەکەسی و پیشەیی نێچیرەکانیان و بێ ئەوەیکە خۆیان هەست بکەن و پێی بزانن کۆمەڵێک گرفت و کیشە و سەرئێشەیان بۆ ساز دەکردن تاکوو تووشی ناهۆمێدی، هەست بە داماوی کردن، بە بونبەست گەیشتن ببن و وێڕای شکستی بەردەوامی ماڵی، شەخسی و پیشەیی، ڕۆحی و عاتفی دوژمنی شەخسی و سکاڵاکەری خسووسیان بۆ ساز دەکردن.

لەوەها بارودۆخێکدا تاکی نێچیر ئەوەندە لە گێژاوی گرفتە جۆربەجۆرەکانیدا دەخولایەوە و لەنێو فەلاکەتە سازکراوەکانیدا دەسووڕایەوە کە ئیتر مەجال و دەرەتانێکی بۆ نەدەمایەوە تاکوو سەبارەت بە سیاسەت و حکوومەت و زمان و شوناس و فەرهەنگ و هونەر و ... و بەگشتی ئەوەیکە لە کۆمەڵگاکەیدا دەگوزەرا بیر بکاتەوە یان هەڵوێستیان لەبەرامبەردا بگرێ.؛ لە کۆتاییشدا یان لەو وڵاتە هەڵدەهات، یان تووشی نەخۆشیگەلی دەروونی وەک خەمۆکی و پەراوێزنشینی و دەروونشێواوی دەبوو یان کۆتایی بە ژیانی دەهێنا؛ بەهەرحاڵ دەبووە مرۆڤێکی لەپەراوێزکەوتووی بێ کەڵک کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەدەبوو. لە کاگێبێ"دا بەم گرفت و کیشانەیان دەگووت "گورگەکان"!

دووبارەبوونەوەی دووهەم
یەکەم خاڵی شکستی نازیزم

زۆرێک لە خەڵکی ئاسایی پێیان وایە کۆتایی تەمەنی نازییەکانی ئاڵمان ئەو کاتە بوو کە هیتلێر خۆی کووشت، بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەرانی مێژوو دەڵێن شکستی سیاسی و سەربازی ئاڵمانی هیتلێری لە ڕووسیە و دواپەناگەی هیتلێر نەبوو بەڵکوو بریتی بوو لە سیاسەتە ئابوورییەکانی ناوبراو!

لە سەرەتای دەیەی ٣٠ی زایینی تێچووی سەربازی ئاڵمان بۆ هێنانەدی خەونی نازیزم بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد؛ ئەم تێچووانە بوونە هۆی چوونەسەری بەرچاوی ئاستی کەمیی بودجەی دەوڵەت. دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی بودجە دەستی دایە چاپی پارە و بەمشێوەیە نرخی هەڵاوسان لە سەرەتای ١٩٣٤ بەرەو ٢٠٪هەڵکشا. دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵی هەلومەرجی داسەپاو بڕیاری دا "نووسینگەی چاوەدێری بەسەر نرخەکان" دابمەزرێنێت. بەمشیوەیە پیداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بێ لەبەرچاوگرتنی پارامێترە ئابوورییەکان و تێچووگەلی وەک تێچووی ڕاگواستن، بە نرخێکی دیاریکراو لە تەواوی ئاڵماندا دابەش دەکران. بەمشێوەیە تا ساڵەکانی ٣٦ و ٣٧ هەست دەکرا کە ئاڵمان توانیویەتی بەسەر کێشە ئابوورییەکانیدا زاڵ بێت بەتایبەت کە بڕیار درا بازرگانی دەرەکی ئەم وڵاتە تەنیا لەگەڵ ئەو ناوجە و هەرێمانە بیت کە داگیرکرابوون بەڵام ئەم ڕێوشوێنە دەرەنجامێکی پیشبینیبۆنەکراویشی هەبوو: کەمیی لەڕادەبەدەری ماددە خۆراکییەکان و پیداویستییە ڕۆژانەکان.

بەهاتنەئارای ئەم بارودۆخە بڕیار درا کە جیرەبەندی دەست پێبکرێتەوە؛ بەمشێوەیە هەموو پێویستییە ڕۆژانەکانی ژیان هەر لە سابوون و خوێ‌وە بگرە تا دەگاتە شیرەمەنییەکان هەموویان کەوتنە نێو لیستە پێویستییە کۆپۆنییەکان. میوە، سەوزی، گۆشت، تەنانەت قاوە کە خواردنەوەیەکی ڕۆژانەی ئاڵمانییەکان بوو لە بازاڕەکاندا نەمان و بەکردەوە هەموو ژیانی هاووڵاتییان بوو بە کۆپۆن! تا ئەوەیکە لە ساڵی ١٩٤٣دا جیرەی هەر تاکێکی ئاڵمانی لە ٢ کیلۆوە دابەزی بۆ ٦٠٠ گرەم.

لەو ڕێکەوتە بەدواوە بارودۆخی ژیان تا دەهات سەختتر و دژوارتر دەبوویەوە، بەچەشنێک کە ئیتر پارە بایەخی نەبوو؛ لەبەرامبەریشدا نرخی چەند دانە نان یەکسان بوو لەگەڵ نرخی ماشینێک یان مۆتۆڕ و پیانۆیەک کە بە کاڵا گرانمایەکان دادەنران. چیدیکە گۆشت لە بازاڕەکاندا دەس نەدەکەوت و خەڵک بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییە ڕوویان لە کوشتنی باڵندەکان و دواتریش بەخێوکردنی ئاژەڵەکان و یەک لەوان کەروێشک دەکرد؛ ئەگەرچی ئەم کەسانە لەو کاتەدا بەختەوەرترین خەڵکی ئاڵمان بوون چونکە یەک لەسەر چواری خەڵک لە برسییەتی ڕەهادا دەژیان. تەنانەت هەندێک ڕووداوی وەک کوشتنی مرۆڤ و خواردنی گۆشتەکانیان لە مێژووی ئاڵماندا تۆمار کراوە؛ بەگشتی ئەوەیکە ئیستە مێژوونووس و لیکۆڵەران لەسەری هاوڕان ئەو ڕاستییەیە کە مردنی دەیان هەزار ئاڵمانی لەو سەردەمەدا ئاکامی سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکانی ئاڵمانی نازی بووە نەک بۆمباران و هێرشە هەواییەکانی "متفقین".

ئاکامگیری

ئەوەیکە لەم دوو نموونە مێژووییەدا باس کرا، بۆ کەسێک کە لە ئێراندا دەژی زۆر ئاشنایە، یان تەنانەت دەتوانین بڵێین بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەیان کە بەردەوام لەگەڵی بەرەوڕوون؛ ڕەنگە دەقاودەق ئەوەیکە وترا لە ئێراندا نەهاتبێتە دی بەڵام بەراوردێکی سەرپێیی دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە مێژوو بە جۆرێکی تر خەریکە لە ئێراندا دووپات دەبێتەوە. لە نموونەی یەکەمدا و هاوشیوەی تکنیکە زیرەکانەکەی کاگێبێ، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەهەوڵی هاویشتنی گورگەکانە؛ ئەوەندەی کە بۆی بکرێت تاکە دژبەرەکان شناسایی دەکات و لەنێویان دەبات، ئەوەندەش کە بۆی نەکرا هاوشیوەی یەکیەتی سۆڤییەتی تاکە وشیارو ئاگاکانی کۆمەڵگە سەرقاڵ بە گرفت و کیشە ئابووری، سیاسی، ئەمنی و کلتووری و تەنانەت حەیسیەتییەکانەوە دەکات تاکوو لە کۆتاییدا ناچاریان بکات یان وڵات بەجێ بهێڵن، یان خۆیان بە گرفت و کێشەکانیانەوە سەرقاڵ بکەن، یان دەست بدەنە خۆکوژی و بەگشتی ببنە تاکێکی بێهەڵوێستی لەپەراوێزکەوتووی بێکەڵک.

سەلمێنەری ئەم وتەش قسەکانی بیژەن عەبدولکەریمی مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی تارانە کە لە بەرنامەیەکی زیندووی تەلەفزیۆنیدا لە کاناڵ ٤ دەڵێ: "شتێک بەناوی شارستانییەتی ئیسلامی بوونی نییە! بەم لۆمپەنبازییانە شارستانییەت درووست نابێت! بەبێ ئازادی شارستانییەت پێک نایەت!" ئینجا ڕوو لە بەرپرسانی حکوومەتی دەڵێ: "ئێوە "جاهلخانە"یەکتان ساز کردووە بە ناوی ئیرشاد کە تاقمێک "خوارج" تێیدا کۆ بوونەتەوە و هەر کتێب و ئەندێشەیەک لە گەرادا دەخنکێنن! ئەم وڵاتە خەریکە لەنێو دەچێت، خەریکە وەک کۆڕەی باکووری لێدێت! لە ئێراندا ەزانەکان زیاتر لە پێڕەوانی فکر و ئەندێشە دەسەڵاتیان هەیە...."

سەبارەت بە نموونەی دووهەمیش کە پێوەندی بە پرسە ئابوورییەکانی ئەمڕۆی ئێرانەوە هەیە ئەوەندە بەسە کە پشت بە ئامارەکانی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی چالاک لە کاروباری ئابووری یان ئامار و تەنانەت سەردێڕی هەواڵەکانی خودی ڕێژیم و ناوەندە پێوەندیدارەکانی ببەستین هەرچەند هەموویان دەسکاریکراون؛

- هەواڵدەریی "خانەی میللەت"، لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا هێڵی هەژاری لە ئێراندا، لە ١٢ لەسەدەوە گەیشتووەتە ٥٠ لەسەد و نیوەی خەڵکی ئێران بەتەواوەتی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

- ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە تاکوو کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری و پەرەسەندنی زیاتر لە ٤٧ لەسەدی هەڵاوسان ، زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەس، کە ٥٠ لەسەدی دانیشتووانی وڵاتی ئێران دەگرێتەوە، بەتەواوەتی لە ژێر هێڵی هەژاریدا بوون و توانایی کڕینی شتومەک و پێداویستییەکانی ژیانیان نەبووە.

- بەپێی لێکۆڵینەوە و بەراوردە بەراییەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیس، لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا، بە هۆی پەرەسەندنی خێرای هەڵاوسان و قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران، زیاتر لە ٥٧ میلیۆن کەس کە زیاتر لە ٧١ لەسەدی خەڵکی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە، لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەبن.

- بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لە ساڵی ٩٨دا، نرخی شەکر سێ قات زیاتر بووە و نرخی قەندیش بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا، دوو قات زیاتر بووە؛ بە گرانبوونی شتومەک و کەلوپەلەکان لە بازاڕەکانی کوردستان و ئێراندا خەڵکیش توانای کڕینی کەم دەبێتەوە و بە هەمان شێوەش کێشە کۆمەڵایەتییەکان سەر هەڵدەدەن؛ لە کۆتاییەکانی ساڵی ٩٧دا، نرخی شەکر لە بازاڕەکانی ئێراندا بەرز بووە و ڕێژیمیش دەستی بە هاوردەکردنی شەکر کرد کە ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ دۆسیەی ١ هەزار و ٥٠٠ میلیارد ڕیاڵی بۆ ئەو کەسانەی شەکریان ئەنبار کردبوو.

- "شیر لە سەبەدی غەزایی زۆرێک لە بنەماڵەکانی ئێراندا نەماوە و ئەگەر چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزرێتەوە ، لە ١٠ هەتا ٢٠ ساڵی داهاتوودا شاهیدی بەرزبوونەوەی ئاماری تووشبووان بە نەخۆشیگەلێکی وەک پووکانەوەی ئێسک، ڕاشیتیسم و باڵاکورتیی منداڵان دەبین."

- "نرخی هەڵاوسان لە ئێستادا، نزیک بە ٤٠ لەسەد و ڕێژەی بێکاریش نزیک بە ١٣ لەسەدە، کە کۆی ئەم دوو دیاردە ئاستی چارەڕەشیی خەڵکی ئێرانی بە زیاتر لە ٥٠ لەسەد گەیاندووە".

دواوتە

کاتێک دیواری بێرلین ڕووخا، هەموو خەڵکی ئاڵمان و بگرە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی جیهانیش خوشحاڵ بوون، بەڵام ڕستەیەک لە میدیاکانی ئاڵمان بڵاو کرایەوە کە خەڵکی ناچار بە بیرکردنەوە کرد؛ ژنێکی پیری ئاڵمانی ڕۆژهەڵات لە کاتی خۆشیدەربڕینی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی گووتبووی: " ئێمە تەنیا خەڵکانێکین کە بۆ گەڕانەوە بۆ ٤٠ ساڵ پێشتری خۆمان، خوشحاڵین!"

# ئێمە و سیاسەتی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە کەوانەیەکدا

## سندووس

سەردانی ئەم دواییانەی دانڵد ترامپ بۆ ژاپۆن و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتە و لێدوانەکەی کە فەرمووبووی: سیاسەتی ئێمە گۆڕانیی دەسەڵات لە ئێران نییە و ئێران هەر بەم ڕێبەرانەش دەتوانێ ببێ بە وڵاتێکی بەهێز و ... .

ئەم لێدوانەی ترامپ کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و بەشی زۆری لێکدانەوەکان، باس لەوە دەکەن کە ئەم قسانەی ترامپ وزەی بە بەر لەشی نیوەگیان و تا ڕادەیەک مردووی کۆماریی ئیسلامیدا کردەوە و ئەم وردە فەرمایشتانە تا ڕادەیەکی زۆر پەردەی لە سەر پێرسوێنای سیستمێک لادا کە دەیان ساڵە بیرمەندان و خاوەن ئەندێشەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە پەڵەیەکی نەنگی دەزانن بۆ کۆمەڵگای بەشەری.

قوتابخانەی فرانکفۆرت و بیرمەندە بەتواناکانی، هەر لە ورکهایمێرەوە بگرە تا دەگاتە یۆرگین هابێرماس، بە توندی دژی عەقڵانییەتی ئامرازی ئەم سیستمە کاریان کردووە و بە گژیدا چوونەتەوە، لەم نێوەدا هابێرماس باسی دوو جۆر عەقڵانییەت دەکات:

١- ئامرازی
٢- ڕەخنەیی - کلتووری

هەر ئەو دەڵێ:

تەواوی پۆتانسێلەکانی ڕەوت و فەلسەفەی لیبراڵی بەم شێوە بیرکردنەوە ئامرازێکە، نەک هەر هیچی پێناکرێ، بگرە کارەساتی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە. کەڵکەی سەرمایە بە هەر نرخێک، ئاکامیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەیە.

لە کاتی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بەپێی ساتوسەودایەک کە دەوڵەتی ئۆتریش دەگەڵ دەسەڵاتی مەلایان ئەنجامیدا، قاتڵەکان بە جلوبەرگی خوێناوی و بە فڕۆکەی تایبەت بەرەو تاران گەڕانەوە.

دوای شەهیدکردنی دوکتور سەعید و هەڤاڵانی و کشانەوەی هەموو دیپلۆماتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هێندەی پێنەچوو کە هەر ئەم دیپلۆماتکارانە بە بڕێک کەمتر گەڕانەوە ئێران و دوای ساتوسەودای زۆر، کازم دارابی لە ڕۆژی مافی مرۆڤی جیهانیدا ئازاد و بەرەو تاران گەڕاوە!!

لە بیرمانە کاتێ بەرجام لە دەوڵەتی پێشووی ئامریکادا واژۆ کرا، جان کێری وەک وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە سەردانێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی کرد و لە ڕاستیدا هەڵگری سێ پەیامی سەرەکی بوو بۆ ئەم وڵاتانە:

*- بەرجام لە دژی ئێوە نییە
*- ئێوە وەک دۆست و هاوپەیمان بە لای ئێمەوە چاوتان لێدەکرێ و دەمێننەوە
*- چەندی چەکوچۆڵتان پێویست بێ پێتان دەفرۆشین!!

هەر لەم سەردانەدا بایی دەیان و بگرە سەدان میلیارد دۆلار چەک و تەقەمەنی بە وڵاتانی عەرەبی فرۆشرا و ئەم ناوچەیان لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا زیاتر کردە ئەنباری باڕووت. ئەم فیشک و ئامرازە شەڕییانە ناکرێن بە چەپکەگوڵ، بە ڕووی خەڵکدا، بەڵکوو داهاتووی ئێمەی پێ لێڵ و لێڵتر دەبێ و چارەنووسی ئەم ناوچەیەش نادیارتر.

بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و ئەم چەند ساڵەی ئەم سەدەیەش ئەم عەقڵانییەتە کۆمەڵگای بەڕێوەبردووە، بۆیە هیچکات ئۆخەی بەسەر زار و زمانیی کەسدا نەهاتووە.

ئاکامی بۆچوونەکەی ئێمە ئەوەیە کە ئامریکا و ڕۆژئاوا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا سیاسەت دەکەن و مەبەستی یەکەمیشیان کەڵەکەی سەرمایە و هەرزانترکردنی ماددەی خاو و سەرچاوە ژێرزەوییەکانە نەک گەشەی سیاسی، کەوابوو هەموو هێزە ئازادیخوازەکان بۆ گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەت و دەسەڵاتدا دەبێ پشت ئەستوور بە کۆمەڵانیی وشیاری خەڵک بن و هەر ئەم هێزەشە کە نەیارانی ئازادی زەندەقیان لێی چووە؛ کوردیش وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ئاوارتەی ئەم ڕێسایە نییە.



# وتووێژ لەگەڵ ناهید ڕەشیدیان، خانمە نووسەر و فەرهەنگنووسی کورد

سازدانی: شەریف فەلاح

بەشی یەکەم



**١. سەرەتا باسی ژیاننامەی خۆت بکە و سەردەمی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندنت چۆن تێپەڕاند و چۆن لە تاراوگە و لە وڵاتی هۆڵەنددا گیرسایتەوە؟**

و: من ناهیدە ڕەشیدیان لە دایکبووی ١٩٥٥ی شاری سنەم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم هەر لەو شارە تەواو کردووە. لە زانکۆ ئەندازیاریی کیمیام تەواو کردووە. دوو ساڵ لە زانکۆی شاری سنە لە بەشی کیمیا وەک مامۆستا وانەم وتووەتەوە. دوای چەند ساڵێک ڕۆیشتمە تاران و بەهۆی کارکردن لە چەند کارگەیەکی کیمیایی شارەزایی زۆرم هەیە لە دروست کردنی جۆرەکانی ڕەنگ، وەک ڕەنگی ڕۆنی و ڕەنگی ئاوی و ڕەنگی دەرگا و دیوار و ئۆتۆمۆبیل و ڕەنگی پیشەسازی و هەروەها دروستکردنی جۆرەکانی مەرەکەبی چاپ بۆ ڕۆژنامە و کتێب و کارتۆن و کاغەزی سلفۆن. بەهۆی ئەزموون و کاریگەریی تەکنۆلۆژی لەسەر ژیانی مرۆڤ، چەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەدا بڵاو کردۆتەوە.

ماوەی ١٨ ساڵە لە وڵاتی هۆڵەندم، لە ئورووپایش لە چەند کارگەیەکی تایبەتی دروستکردنی ڕەنگەکان کە لە سەرەوە باسم کردن، کارم کردووە. چەندین بابەتی زانستیم لەو بوارەشدا نووسیوە. ئاشنابوونم لەگەڵ خەڵکی کوردی باشوور و بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵکی سلێمانی بوون، توانیم بە باشی خۆم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بکەم، سەرەتای کاری نووسینم بە دوو چیرۆک دەستی پێکرد. بۆخۆم وەک کەسێک کە پێویستم بە فەرهەنگ هەبوو و ڕۆژانە بۆ کار و نووسینەکانم کەڵکی لێ وەرگرم، ئەوە وای لێکردم کە بیر لە نووسینی چەند فەرهەنگ بکەمەوە بە زمانەکانی بیانی و کوردی، کە خۆشبەختانە فەرهەنگەکانم پێشوازیی زۆریان لێکرا.

ماوەی دو ساڵ خەریکی فەرهەنگی یەکەم "هۆڵەندی- کوردی بووم، و دوو ساڵیش خەریکی فەرهە نگی کوردی- هۆڵەندی بووم.

چوار ساڵی دیکەم بۆ نووسینی فەرهەنگی فەڕەنسی- کوردی و کوردی- فەڕەنسی تەرخان کرد. زۆرتر لە فەرهەنگی مامۆستا هەژار (هەنبانە بۆرینە) کەڵکم وەرگرتووە، هەوڵم داوە کە بتوانم ئاسانکاری بکەم بۆ کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەند و بێلژیک کە لەو فەرهەنگانە کەڵک وەرگرن بۆ کوردی فێربوون و تێگەیشتن لە هەردوو زمانەکە.

تا ئێستا نزیکەی ٢٠٠٠ دانە لە کتێبەکانم لە ناو ماڵی خێزانە کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەند و بێلژیک و فەڕەنسا بڵاو بوونەتەوە و من زۆر بەمە دڵخۆشم کە ٢٠٠٠ خێزان یان لانیکەم ٢٠٠٠ کەس لە کتێبەکانم سوودیان وەرگرتووە و نەختێ بۆ فێرکردنی زمانی هۆڵەندی بۆ هاوژینی لە کۆمەڵگای هۆڵەند و بێلژیک و فەڕەنسا یارمەتیدەر بووم و هەروەها پێداچوونەوە بە زمانی دایکی بە شێوازی نوێ و ئاشناکردنی منداڵانی کورد بە زمانی کوردی و ناساندنی زمانی کوردی بەو هاووڵاتییە هۆڵەندی یان فەڕەنسەییانەی کە حەز ئەکەن زمانێکی دیکە فێر بن.

**٢ . وەک خانمە نووسەر و شاعیرێکی کورد چۆن لە چالاکیی ئەو ژنانە دەڕوانیت کە دێنە مەیدانی نووسین و داهێنانەوە و پێت وایە لەمپەر و گرفتەکانی بەردەمیان کامانەن؟ بۆچی ژنان سەرەتا بە گوڕوتینەوە دێنە مەیدانی نووسین و دوای چەند ساڵێک دەکشێنەوە؟**

و: حەز و خۆشەویستیی زۆر بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی و بیر لە کەسایەتی پەروەردەیی خەڵک و پاڵپشتی زانستی پتەو و ئارامیی ژیان لە ئورووپا، بێ دڵەڕاوکێ و دڵبەدوایی بۆ ژیان، جۆرێک لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی لەلای ژن کە لە وڵاتی خۆی ڕێگەی پێ نەدراوە پێش بکەوێت، دەرەخسێنێ کە حەز ئەکات بۆ ئەو کۆمەڵگا کە تێیدا پەروەردە بووە، کارێک، یان چالاکییەک بە ئەنجام بگەیەنێت، بە هیوای ئەوەی تۆزێک لە کێشەکانی ئەو کۆمەڵگا کەم ببێتەوە. ئەگەر حەز و خۆشەویستی پاڵپشتی نەبوایەت، نووسینی چوار فەرهەنگ لە ماوەی هەشت ساڵدا شتێکی دوور لە ڕاستی بوو. من وەک فەرهەنگنووس کە ئەوەم لە دەستهاتووە کە فەرهەنگێکی نوێ بە ٢ زمانی گەورەی جیهانی بۆ سەر کوردی و بە پێچەوانەکەشی لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی ئەوان، پێشکەش بە کۆمەڵگاکەم بکەم. ئەگەر بێت و ڕۆژێک ئەم فەرهەنگانە لەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکە، یان تەنانەت فەرهەنگە فارسییەکان بەراورد بکەن، ئەزانن کە بەڕاستی ڕچەشکێن بووم لەو وڵاتەی لێی دەژیم. گەڕان بە شوێن ڕەگ و بنەچەی وشە و ڕێکوپێک کردنی وشەکان کە یەکتر دەگرنەوە لەم فەرهەنگانەدا ئەبینی.

لەم فەرهەنگانەدا وشەی ڕەسەنی کوردی هەتا چەند زمانی کوردی زمانێکی پەتی و پاراوە و کەمتر وشەی بێگانەی تیایە، ئەبینیێ بەڵام زمانی کوردی پێشکەوتوو نییە، واتە لەسەری کار نەکراوە و پێش نەخراوە. وەرگێڕانی زمانی کوردی بە زمانە پێشکەوتوو و ستانداردەکانی دنیا وەک فەڕەنسی و هۆڵەندی نووسیوە کە سەدان ساڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و ڕێکوپێک کراوە، کە خۆی لە خۆیدا بە زمانی کوردیش ڕێکوپێکی تایبەتی داوە.

پێشکەوتنی کۆمەڵگا و کێشەی ژن بە یەکەوە بەستراوەیە، ئەگەر کۆمەڵگا پێش بکەوێ، ئەوە ژنیش گەشە ئەکات و پێش ئەکەوێت. ژن ئەگەر لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا پەروەردە بێت و زۆر کێشە و گیروگرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵی بێت، بە ئاسانی ناتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوودا بگونجێنێ. ژنی کورد بەدەگمەن توانایی ئەوەی هەبووە کە خۆی دەربخات، مەگەر ئەوەیکە خوێندنی بەرزی بێت، یان لەناو خێزانی هونەرپەروەر و کەسایەتیپەروەردا پەروەردە بووبێت.

کۆمەڵگایەک کە مافی ژنان دابین ئەکات، یاسا پشتگیری لە ژن ئەکات. لەم کۆمەڵگایەدا ژن ئەتوانێت مافی خۆی بناسێت و پیاویش ئەگاتە ئەو ئاستە کە مافەکانی ژن ئەناسێت و ڕێز لە یاسا ئەگرێت. پەروەردەکردن و ناسینی بەهرەمەندی و توانمەندیی ژن دوو فاکتەری سەرەکین لە کەمکردنەوەی کێشەی ژناندا.

خۆی ژن بەرلەوەیکە ژن بێت، مرۆڤە و هەر مرۆڤێک مافی هەیە پێویستە مافە سەرەتاییەکانی جێبەجێ بکرێن، وەک ماڵ و خواردن و مافی خوێندن و بیروڕادەربڕین و گەشەکردن، بەهرەمەندی و توانمەندی. ژن خۆیشی ئەبێت کۆمەڵگا بناسێت، ئەبێت مافە ڕەواکانی خۆی بناسێت، بزانێ بۆچی خێزان پێک دێت. بەرپرسیارێتیی خۆی و هاوسەرەکەی بۆ سەقامگیریی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵان بناسێت. ئەبێت خۆی بە زانستێک ڕازاوە بکات بۆ بارهێنانی کەسایەتیی خۆی. ئەوکات هاوسەرێک باش ئەبێت بۆ هاوسەرەکەی و دایکێک باش بۆ منداڵەکانی و یاریدەدەرێک ئەبێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

**٣. بڕوات لەبارەی شێعر و ئەدەبی ژنان، یان ژنانی ئەدیب چییە؟ ئاخۆ ئەم جیاکردنەوەیە لە بواری ئەدەبدا لە ئورووپاش هەیە یان تەنیا لەناو کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا باوە؟**

و: سەبارەت بە پرسیاری سێیەم، من جیاوازی نابینم لە نێوان شێعر و نووسینی ژنان و پیاواندا. شێعر و نووسین لە بیر و فکر و کێشەی کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخولقێن و جیاوازی لە ڕوانگە وەک تاکەکەسیی کۆمەڵایەتی ئەبینم. لانیکەم ئەم جیاوازییە لە فەرهەنگنووسیدا نابینم. لە ئورووپا ژن و پیاو بە یەکسانی بەرچاو ئەکەون و مافی ژن و پیاو بەپێی پێویستییە دەروونی و ئابوورییەکان و بەپێی یاسا دیاری کراوە. بەگشتی من گیروگرفتێکی زەق و بەرچاو لەسەر ڕێگەی ژنان لە ئورووپا نابینم تا لە شێعر و نووسیندا جیا بیر بکەنەوە.

**٤ . لەبارەی چۆنیەتیی ڕاکێشانت بەرەو دونیای نووسین و ئەدەبی کوردی و بەتایبەت نووسینی فەرهەنگ سەرەتا چۆن بڕیارت دا ئەم کارە بکەیت و چوارچێوەی کارەکەت چۆنە و ئاخۆ جیا لە زاراوەی سۆرانی لە زاراوەکانی دیکەی کوردی وەک "کەلهوری، کورمانجی و هەورامی" کەڵکت وەرگرتووە؟**

و: یەکێک لە هۆکارەکانی فەرهەنگنووسینی من ئەوە بوو کە تەواوی هیوا و ئاواتی من ئەوەیە کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە وەک فارسی و عەرەبی پێش بکەوێت. خۆشبەختانە ئێستا زمانی کوردی وەک زانستێکی تازە خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنوێنێ و بەپێی پێناسەی زانست، زانست بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە بایەخ بەم زانستە بدەین. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بە قسەکردن و بە نووسین شارەزا بن و لە بواری زمانەوانیدا نموونەی وڵاتانێک وەک سویس یان بێلژیک بن.

یەکێکیتر لە هۆیەکانی فەرهەنگنووسی گرنگیی زمانە بۆ پێکهاتنی فەرهەنگی نەتەوەیەک. ئەگەر بمانەوێت بیر لە بنەڕەتی فەرهەنگی پتەو بکەینەوە، پێویستە بایەخێکی زۆر تایبەت و گرنگ بە زمان بدرێت. زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی بنەڕەتیی فەرهەنگی پتەو بۆ یەکگرتوویی نەتەوەەک. ڕۆژبەڕۆژ ئاشکرا ئەبێت کە زمان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەگێڕێت لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا. جاران ئایین هۆکاری سەرەکی بوو لە پێکهاتنی نەتەوەیەکدا، بەڵام ئێستا زمان ئەو ڕۆڵە ئەبینێت. لە کۆمەڵگای ئەمڕوییدا بەبێ بوونی زمانێکی زیندووی بەهرەمەند بە ئامرازەکانی پێوەندی، گوڵبژێرانی ڕووناکبیر (نوخبەکان) ناتوانن ڕۆڵێکی زیندوو لەناو کۆمەڵگادا ببینن. زمانی هەر نەتەوەیەک ڕادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگا ئەخاتە بەرچاو، کە لەو پێشکەوتنەوە ئەتوانین گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە ببینین.

زمانی هەر نەتەوەیەک نیشانەیەکە لە پلەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیە. ڕۆژبەڕۆژ بوارەکانی زانستی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستەکانی دیکە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت. بیرگۆڕینەوە و لەیەکترتێگەیشتن لە ڕێگەی زانستی مەبەستی سەرەکییە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا.

ئیتر لە هۆکارەکانی دیکە، هەروەک دەزانی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگەپێنەدراوە و ئەگەر هێندێ کەس وەک من و کەسانی تر کە ئەتوانین بڵێین ١٠٪ لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بە نووسینی زمانی کوردی ئاشنایەتییان هەیە، ئەوەش ئازایی خۆیانە کە فێربوون و ئەگەر حەز و خۆشەویستییەک لە پشتییەوە نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت فێری هەر زانستێک بێت. ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەبێ ئەزموونەکەی باشووری کوردستان کە ٧٥ ساڵە بە زمانی دایکی ئەنووسن، لەبەرچاو بگرین. هەتا منداڵەکانی ئێمە نووسینی زمانی دایکی فێر نەبن و بیر لە بنەڕەتی فەرهەنگێکی پتەو شانبەشانی بزاڤی سیاسی نەکەینەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات پێش ناچێت. بە بڕوای من گرفتی نووسین بە زمانی کوردی گرفتێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردی ئەبێ لەوێ گەشە بکات.

سەبارەت بە زاراوەکانی تری کوردی وەک کەلهوڕی، کورمانجی و هەورامی من کەم تا زۆر بەو زاراوانە ئاشناییم هەیە و هێندێ جار بەپێی پێویست وشەکانیان بۆ جوان و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بەکار ئەبەم، خۆی لە خۆیدا باوەڕم بەمەیە کە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و ستانداردکردن و پێکهاتنی "زمانی یەکگرتوو" ئەبێ لە گشت زاراوە کوردییەکان کەڵک وەربگرین، بە مەرجێک پێکهاتە و ڕێزمان و ئەدەبیاتی جوانی نووسینەکە تێک نەدات. بۆ نموونە ئەگەر ئێوە سەرنجی نووسینەکانی من بدەن، من دوو زاراوەی ئەردەڵانی و زاراوەی زمانی کوردیی سلێمانیم تێکەڵ کردووە، بۆ ئەوەی تارادەیەک بەسەر هەر دوو زاراوەکەدا ئاشنایەتیم هەیە و هەروەها لە بواری شارستانی بوون، هەر دوو شارەکە نزیک بە یەک ئەزانم. لە مەسەلەی تێکەڵاویی زاراوەکاندا دەبێ جوانی نووسین و ڕێزمان لەبەرچاو بگرین. بۆ سەرنج ڕاکێشانی لاوان بەلای فەرهەنگ و زمانی کوردی دەبێت نووسەران و هەڵبەستڤانان نووسینەکانیان بە وشەی جوان و دڵنشین و پێشکەوتوو بڕازێننەوە.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:751 • 5 June 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوەو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.





**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و ناوەندە حکوومەتییەکانی دیکە:

. ماموستا "محەمەد ئەدیبی"، ماموستای سوننی مەزهەب و خەڵکی گوندی "کەوپێچـ"ی شاری بانە، لە لایەن دادیاری لقی ١ی دادسەرای تایبەتی ڕۆحانییەتی شاری هەمەدانەوە، بانگهێشت کرا.

کەمپەینی دادکۆکی لە زیندانییانی سیاسی- مەدەنی، لەو بارەیەوە بڵاوی کردووەتەوە کە هۆکاری ئەو بانگهێشتنامەیە، ئامادەبوون بۆ پێڕاگەیاندنی حوکمەکەی بووە.

. چالاکێکی کرێکاریی کورد بە ناوی "خەلیل کەریمی"، دەبێ ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ئەم مانگە، لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنەدا، ئامادە بێت.

### دەسبەسەرکردن:

. ڕۆژی دووشەممە، ٣٠ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "داوود قاسمی" و "عەبدولسەلام قاسمی"، خەڵکی گوندی "ڕیکاوێ" سەر بە شاری پیرانشار، پاش تەواوبوونی لێپرسینەوە، بە دانانی بارمتە، تا کاتی بەڕێوەچوونی دادگا، ئازاد کران و هەروەها، دوو ئەندامی تری ئەم بنەماڵەیە هێشتا لە گرتنگەدا بەسەر دەبەن. لەو پەیوەندییەدا، "محەمەدڕەزا ئامویی" ڕایگەیاند: "لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا، بە هۆی ڕۆژوونەگرتنی هاووڵاتییان لەو پارێزگایەدا، ٤١٢ کەس دەسبەسەر کراون."

جێگری کۆمەڵایەتیی هێزە نیزامییەکانی پارێزگای کرماشان، ڕایگەیاند: "لە کۆی ٤١٢ کەس، بۆ ١٧٠ کەسیان دۆسیەی قەزایی دروست کراوە و هەروەها ١٥٤ کەسی دیکە، بە دەزگای قەزایی ناسێندراون."

. ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی جۆزەردان، سێ چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی "ئیدریس مینبەری، زارا محەمەدی و ڕێبوار مینبەری"، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ئەم سێ چالاکە مەدەنییە کە ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی "نۆژیـن"ن، بێ نیشاندانی مۆڵەتی یاسایی، دەسبەسەر کراون.

. ڕۆژی چوارشەممە ١ی جۆزەردان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "داوود ئەحمەدی، سەلاح ساعدی و حەیدەر ساعدی"، خەڵکی گوندی "گاوەرە" سەر بە دێهستانی "سەراو قامیشـ"ی سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

. ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "پووریا وەیسی"، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.

. ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سەید ئیدریس کەسرەوی"، خەڵکی گوندی "ئەمنجێ" و دانیشتووی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کراوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم هاووڵاتییە کوردە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی پیرانشارەوە دەسبەسەر و دواتر بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ ڕاگوێزراوە.

. ڕۆژی شەممە، ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "پەیام فەیزی"، ٢٨ ساڵە، کوڕی عەبدولقادر، خەڵکی شاری ڕوانسەر، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

### مەحکووم کردن هاووڵاتییان بە زیندان:

. ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی جۆزەردان، چالاکێکی کرێکاریی کورد بە ناوی "ئومید ئەسەدی"، خەڵکی شاری کامیاران، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ساڵێک زیندانیی تەعلیقی مەحکووم کرا.

. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سابیر خەلیفە"، کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن لقی ١٠١ی دادگای کەیفەری و ٢ی ئەو شارەوە، بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

### ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

. ڕۆژی سێشەممە، ٣١ی بانەمەڕ، زیندانییەکی سیاسیی خەڵکی شاری ورمێ، بە ناوی "نێعمەت سەمەدی"، لە زیندانی ناوەندییەوە، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

ناڕوونی چارەنووس:

. دوو لاوی کورد بە ناوەکانی "محەمەد ڕەشید ئەداک" و "نازدار ئەداک"، خەڵکی گوندی "ژیوار"، سەر بە شاری سەوڵاوا، چارەنووسیان ناڕوونە.

. زارا محەممەدی هاووڵاتیی دەسبەسەر کراو و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی_ کۆمەڵایەتی "نۆژین"، کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی جۆزەردان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، هەتا ئێستا چارەنووسی ناڕوونە.

### دادگایی کردنی هاووڵاتییان:

. ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "مێهدی گەنجبەخش"، بە تۆمەتی "بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە"، "تێکدانی بیروڕای گشتی"، "پڕوپاگەندە دژی نیزام" و "بێڕێزی بە ڕێبەری نیزام"، لە دادگای شاری کەلاتدا، بە بەشداریی "عوسمان موزەیەن"، پارێزەری پلەی یەکی دادگوستەری، دادگایی کرا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

. ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی جۆزەردان، دوو کاسبکاری کورد، بە ناوەکانی "مەلا نەجمە ئەسفەناک"، خەڵکی گوندی "سۆفیان" و "عەبدولقادر جەسووری"، خەڵکی گوندی "نەڵۆس"ی شاری شنۆ، لە لایەن پایەگاکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێکراوە و بریندار بوون.

. ڕۆژی دووشەممە، ٦ی جۆزەردان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "ناسر ئەوەلیان"، تەمەن ٥٥ ساڵ، خەڵکی گوندی "میانە " و دانیشتووی شاری مەریوان، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، بریندار کرا.

. سەرلەبەیانیی ڕۆژی سیشەممە، ٧ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی "سێ چۆمانـ"ی شاری پیرانشار، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئاکامدا، چەند کۆڵبەرێک کوژران و بریندار بوون.

شوناسی دوو کەس لەو کۆڵبەرانە کە گیانیان لەدەست داوە بە ناوەکانی "خالید سەلیمی"، خەڵکی شاری سەردەشت و "ئاکام باردڵ"، خەڵکی شاری مەهاباد، ڕاگەیەندراوە.

لە شوناسی ئەو کۆڵبەرانەی دیکە، هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی سۆمای برادۆستی شاری ورمێ، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و لە ئەنجامی تەقەکردندا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سینا مام حەمیدی"، تەمەن ٢٣ ساڵ، کوڕی موراد، بە سەختی بریندار بوو.

### ئێعدام کردنی هاووڵاتییانی کورد:

. هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری بیجاڕ، بە ناوی "سەید سەمەد عینایەتی"، تەمەن ٣١ ساڵ، بە تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەست، لە لایەن بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری زەنجانەوە، لە سێدارە درا.

ئەم هاووڵاتییە کوردە، ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی بانەمەڕ، دوور لە چاوی میدیاکان و بە شێوەی نهێنی لە سێدارە دراوە.

### خۆکوژیی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

. ڕۆژی شەممە، ٤ی جۆزەردان، لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی گوندی "بەردەزەرد"ی شاری بۆکان، بە ناوی "مەسعوود ڕەسووڵپوور"، کوڕی ئەسعەد، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەو لاوە کوردە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

. ڕۆژی یەکشەممە ٥ی جۆزەردان، کچێکی مێرمنداڵ بە ناوی "هـ. عەزیزپوور"، تەمەن ١٦ ساڵ، کچی مستەفا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

. ڕۆژی شەممە، ٤ی جۆزەردان، لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی "ئومید زەهرابی"، کوڕی محەمەد، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە ماوەی ئەم دوو حەوتوویەدا، ١٦٤ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ڕوویداوە کە بریتین لە دەسبەسەرکردنی ١٥٥ کەس، بانگهێشت بۆ دادگا ٢ و گواستنەوەی زیندانییەک لە زیندانەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات، مەحکووم کردنی دوو هاووڵاتیی بە ٢ ساڵ زیندانی تەعزیری و تەعلیقی، ناڕوونی چارەنووسی ٣کەس، دادگایی کردنی ١ کەس، ئێعدام کردنی ١کەس.

هەروەها، لەم ماوەیەدا، نزیکەی ١٠ کاسبکار و کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان،گیانیان لە دەست داوە. لە کۆی ئەو ١٠ کەسە، تەقەی هێزە نیزامییەکان، کە بوو بە هۆی گیان لە دەستدانی ٢کۆڵبەر و ٨ کۆڵبەری دیکەش بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار بوون.

هەروەها لەو ماوەیەدا، ٤ هاووڵاتیی کچ و کوڕ و لە کوردستان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، دەستکورتی و کێشەی بنەماڵەیی کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە و لە کۆی ئەو ٤ کەسە، کچێک و ٣ کوڕی لاو بوون.

سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندیی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ١٧٤ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ تۆمار کراوە.